# لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِ

## نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی الله


شەرحکردنی

مامۆستا کامەران کەریم رحمه الله

نووسینەوە و ئامادەکردنی

زانستخوازێکی شەرعی


عشاق العلم الكردي

## پێشەکی :

الحمدالله والصلاة والسلام على رسول الله (صلى الله عليه وسلم) وعلى اله واصحابه ومن واله. سوپاس و ستایش بۆ الله تعالى كەوا رەحمەتی بەرفراوانی هەیە رەحمەتەكانی گشت بەندەكانی گرتۆتەوە لەم دونیادا هیچ بەندەیەكی بەر رەحمەتی خۆی لەدونیادا بێ بەش نەكردوە ، یەكێک لەو رەحمەتانەی الله تعالى كەوا یەكێكە لەسیفەتەبەرزەكانی الله تعالى بریتیە لە سیفەتی لێخۆشبوون ، جا لە ژێر رۆشنای چەند ئایەتێكی پیرۆزدا مامۆستا خۆشەویستمان مامۆستا كامەران كەریم (رحمه الله) هەلساوە لە بەراڤە و شی كردنەوەی ئەم چەند ئایەتە پیرۆزە كە نیداء بۆ ئینسانەكان كەوا بێ ئەمل نەبن وە نیداء بۆ هەموو ئەوانەی كەوا لەبەرزترین پلەی تاوانكردن دان میلیان رادەكێشێ بۆگەرانەوەی بۆلای سبحانە وتعالى بۆ ئەوەی پێش ئەوەی مردن پێیان بگات بگەرینەوە و الله تعالى لێ یان خۆشبێ بە مەشیئەتی خۆی و رەحم وفەزلی خۆی بەسەریاندا برژێنی.

وە دواتر باسی ئەو بەندانە دەكا كەوا ملهوری دەكەن و تەوبە ناكەن مەنزلگەی ئەم ملهو و كافرانە چۆنە و منلزگەی ئەوانەش چۆنە كەوا ئەگەرێنەوە بۆلای الله تعالى بەهەر شێوەیەک بێ .

جا زۆرێک لە عامی خەلكی ئەوانەی كەوا نەشارەزان بە دینی الله تعالى بەهەلە لە ئایەتەكانی الله تعالى تێدەگەن و هەرچۆنێک خۆیان بیانەوێ بەم شێوەیە تەفسیری ئەكەن جا بۆ بە پێویست زانینی ئەم زانیارە بە پێویستم زانی كەوا بێكەم بەكیتابێک و بۆ خوێنەرە خۆشەویستەكان بیخەینە روو بۆ ئەوەی بتوانن سودی لێ ببین الله تعالى داواكارم پاداشتی مامۆستای خۆشەویستمان بداتەوە بە باشترین پاداشت وە پلە و پایەی بەرزبكاتەوە بەهۆی خۆبەخشینی بەم رێگایە .

(وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين)

الله تعالى  له چەند ئایەتیکی پیرۆزدا دەفەرمووی :

(قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٥٣) وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ (٥٤) وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ (٥٥) أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَا حَسْرَتَا عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ (٥٦) أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ اللَّهَ هَدَانِي لَكُنتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (٥٧) أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (٥٨) بَلَىٰ قَدْ جَاءَتْكَ آيَاتِي فَكَذَّبْتَ بِهَا وَاسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ (٥٩) وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ (٦٠) وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦١))

## مانای ئایەتەکان:

قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٥٣)

**الله تعالى بە پێغەمبەر دەفەرموێی (صلى الله  عليه وسلم) (قل -أيها الرسول- لعبادي الذين تمادوا في المعاصي،)تۆ بەهەموو ئەو بەندانەم بلێ کە ئەو پەری گوناهەیان ئەنجام داوە (وأسرفوا على أنفسهم بإتيان ما تدعوهم إليه نفوسهم من الذنوب)[1]ئەوەنەیان ئیصراف و زیادە رەویی کردوە لەسەر خۆیان ئەو هەموو تاوانەیان ئەنجام داوە پێیان بلێ ئاگاداربن بەمەرجێک بگەرێنەوە و تەوبە بکەن ، ئەمە بۆچی باس دەکرێی ؟ إبن كثير ئیشارەتی پێداوە باسی تەوبەیە ، ئەگەر تەوبە هاتە پێشەوە سەیری گەورەی تاوان مەکە !! لەبەر ئەوە بەبەردەوام ئینسانی موسلمان عاقیدەیەکی با لەبەردەمدا بێ، زۆر جار پرسیارتان لێ دەکرێی دەربارەی کەسانێک یاخود کەسانێک پرسیارتان لێ دەکرێی : من ئەوەندە گوناهەم کردوە و ئەگری ی نارەحەت دەبێ و دەپارێتەوە لەوکاتەدا تۆ پێی بلێی : هەر تاوانێک چەندێک گەورە بێ وە چەندێکیش زۆر بێ لەژمارەدا تۆ ئەگەر بەراستی بگەرێتەوە لەلای الله تعالى مەقبولە بەمەرجێک**

[1]:التفسير الميسر

تەوبە بکەیت و بگەڕێتەوە  الله تعالی دەفەرمووێ : ﴿مَّا يَفْعَلُ اللَّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَآمَنتُمْ ۚ﴾[1] سەیری ئەم ئایەتە بکەن چەن موهیمە ، الله چی بکا لە سزادانی ئێوە ئەگەر ئێوە بگەڕێنەوە و شوکر بکەن  و ئیمان بهێنن و تەوبە بکەن ئیتر بۆچی سزاتان ئەدا !! ، وە نمونەش زۆرە لەکیتاب و لەسونەتدا .

ئێستا إبن کثیر چەندەها ئایتمان بۆ دەهێنی لەقورئانی پیرۆزدا کە لەحەقی الله تعالی دا شیرکیان کردوە لە حەقی الله تعالی دا عیبادی الله تعالی یان سوتاندوە چەندەها گوناهی گەورەیان کردوە کەچی الله تعالی دەفەرموێ : ئەگەر تەوبە نەکەن ئاوایان لێ دەکەین !! یانی ئاخر شت تەوبەی داناوە .

هەتاوەکو بۆیە إبن تیمیە (رحمە اللە)لەمەسەلەی صەبری الله تعالی دا : والعیاذ بالله دەفەرمووێ : کابرایەک جوێنی بە الله تعالی دا ئەگەر گیرا و مەحکەمەی ئیسلامی داوای کرد ئەگەر تەوبە بکا تەوبەی لێی وەردەگیریی ئازاد ئەکرێ ، بەڵام ئەگەر تەوبە نەکا ئەگوژرێ ، بەس ئەگەر جنێوی بە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)دا ئەڵێ : تەوبە بکا یاخود نا ئەبێ بکوژرێ ، لەبەر چی ؟ چونکە الله تعالی خۆیی وتویەتی من لەحەقی خۆم خۆش دەبم ، تۆ چی ئەکەی بیکە چیت کردوە کردوتە بەس تەوبە بکە من سزات نادەم ، بەس پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەماوە .

پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) لەکاتی خۆیدا کردویەتی ئێوە چەندەها حەدیس دێتە بەردەمتان کە چیان لە پێغەمبەر کردوە (صلی الله علیه وسلم)کەچی کابرای ئازاد کردوە ! ئەمە لەبەر ئەوە نا کە کابرا موستەحەقی ئەم سزایە نیە بەس پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەحەقی خۆیی بوراوە ، بەس لەدوای خۆیی زانایان دەفەرموون : بۆ ئێمە نیە لەم حەق ببورین !.ئەمە حەقی ئێمە نیە و حەقی پێغەمبەرە ئی خۆیەتی وە پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) نەماوە .

ئەمە زۆر ئیشکالی دروست کردوە لەلای زۆری خەلکی ئەڵێ چۆن إبن تیمیە وتویەتی : جوێن بە الله بدرێ تەوبەی لێ قبول دەکرێ بەس جوێن بە پێغەمبەر (صلی الله علیه

[1]:سورة النساء اية :١٤٧

**وسلم) بدرێی تەوبەی لێ قبول ناکریی ؟ بابەتەکە ئەوەیە کە پێغەمبەر نەماوە (صلى الله عليه وسلم )هەتاوەکو بزانین لێ خۆش دەبێ یاخود نا بۆیە ناتوانین لەبری ئەو بلێین لێ خۆش دەبین لەحەقی ئەودا .**

**جا ئەلێ چەندێک تاوانتان کردوە (لا تيئسوا من رحمة الله)بێ هیوامەبن لەرەحمەتی الله تعالى (لكثرة ذنوبكم، إن الله يغفر الذنوب جميعا لمن تاب منها)لە هەموو گوناهێک خۆش دەبێ سەیر کە (إن الله يغفر الذنوب جميعا)لێمان تێک نەچێ لەگەل ئەو ئایەتەی کە الله تعالى دەفەرمووی : (إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ)[1] چۆن جەمع بکەین لەنێوان ئەم دوو ئایەتە ؟! زانایان دەلێن : ئەم ئایەتە کە هەرچی تاوان بە شیرک و غەیری شیرک تۆ تەوبەی لێ بکەی الله تعالى لێت خۆش دەبێ بەس لەدوو ئایەتەکەی سورەتی النساء کە هاتوە یانی الله تعالى لەشیرک خۆش نابێ ئەگەر تەوبەی لێ نەکەیت ، بەس لەهەموو تاوانێکی کەبائیر ئەگەر موسیریش بی لەسەری بمری لەسەری تەوبەشت لێ نەکردبێ محتەمەلە الله تعالى لێت خۆشبێ لەبەر چی ؟! لەبەر ئەوەی چاکەکان و خراپەکان ئەکێشرێێ وەکو لەباسی مكلفين ئیمامی إبن القيم باس دەکا و دەفەرمویی : کەسانێک کەتاوانانیان ئەنجام داوە تەوبەشیان نەکردوە بەس چاکەکانیان ئەوەندە زۆرە لەبەرامبەر چاکەکاندا تاوانەکان کەمن ئەگەر چی تەوبەشیان نەکردبێ الله تعالى لێیان خۆش دەبێ .**

**وەکو إبن القيم دەفەرمووی : بەبێ نوێژ هیچ شتێکت لێ وەرناگێریی وەکو (لا اله الا الله محمد رسول الله) وایە .**

**جا کەواتە ئەم ئایەتە ئێستا :** (إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ ۚ)**ئەمەیانی الله تعالى لەشیرک خۆش نابێ ئەگەر تەوبەی لێ نەکا ، یانی کابرایەک دەلێ یارسول الله لەسەر ئەمە بمرێ کافرە باش ئاگاداربن موشریکە الله تعالى لێ خۆش نابێ .**

[1]:سورة النساء اية : ٤٨

ئینجا كە لێ خۆش نابێ دووحالەتی هەیە یان ئەوەتا زانیویەتی و پێ وتراوە كە ئەمە شیركە بەلام جحدی كردوە ئەمە بۆجەهەنەم و هەتاهەتاییە ، یان نەیزانیوە ئەمەش (والامر إلى الله تعالى )ئەو كاتە بۆ تاقیكردنەوەكەیە بۆ تاقیكیردنەوەكەی رۆژی قیامەتە پێی ئەوترێ برۆ ناو ئەم ئاگرەوە !!

(إن الله يغفر الذنوب جميعا لمن تاب منها ورجع عنها مهما كانت، إنه هو الغفور لذنوب التائبين من عباده، الرحيم بهم.)[1] تاوانەكان چەند زۆر بن چەند گەورە بن تەبعەن ئەمە لەحەقی الله تعالى یە بەس لەحەقی بەندەكاندا ئەبێ حەقەكان ئەدا بكاتەوە ئاگاداربن یانی حقوقی بەندەكان نافەوتێ لەرۆژی قیامەت الله تعالى ئەم حەقانەی بەندەكان ئەسەنێ بەس هی خۆیی سەیری ئایەتەكە بكەن (يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ ۚ)[2] بەلاَم ئەبێ ئەوەش ئاگاداربی ئەویش هەر بترسێ كەوا سزات نەدا چونكە وتویەتی (لِمَن يَشَاءُ) یانی موحتەمەلە لێ خۆش بێ یان محوتەمەلە لێ خۆش نەبێ ، بەس ئەوانەی كە تاوانن لەغەیری شیركن ئەگەر لێی خۆش نەبێ بەقەدەر خۆی ئەیسوتێنی و دواتر ئەیخاتە بەهەشتەكەیەوە ، وە موحتەمەلەیشە یەكسەر لێ خۆش بێ ، وە (تحت المشئة ) پێی دەلێن .

لێرە دوو لەناوەكانی الله تعالى بەكارهێنا (الغفور لەگەل الرحیم)دوو ناون بەبەردەوامی بەدوای یەكدا دێن ،

الغفور : یانی الله تعالى لەگوناكە خۆش دەبێ و سەتری دەكا وە سزاشی نادا .

الرحيم : یانی ئەیخاتە بەهەشتەوە

[1]:التفسير الميسر
[2]:سورة الفتح اية :١٤

(وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ (٥٤)

**الله تعالى دەفەرمووى : (وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ) باسى ئينابە و تەسليم بوون دەكا الله تعالى دەفەرمووى : (أَنِيبُوا)يانى بگەرێنەوە و تەوبە بكەن بۆلاى الله تعالى (وَأَسْلِمُوا لَهُ) يانى موسلمان ببن .**

**پێناسەى موسلمان بوون : (هو الاستسلام لله بالتوحيد والانقياد له بالطاعة والبراءة من الشرك وأهله) ئەبێ ئاگادارى ئەم سێ شتە بين ، يانى بە خۆراى نيە بەس كابرا بلێ من موسلمانم ئيتر تەواو !! وەكو دەلێن خۆم لە هەموو كەسێك بەموسلمانتر دەزانم ! ئەمە نابێ و ناكرێ ئەم قسەيە هەتاوەكو هەرسێ خالەكەى تێدا نەبينين ،**

**يەكەم : ئەبێ ئەم كەسە تەوحيدى الله تعالى بكا و شيرك ئەنجام نەدا .**

**دووەم : ئەبێ ئەم كەسە ئيطاعەى الله تعالى بكا جلەو گيرى فەرمانەكانى الله تعالى بێ .**

**سێ يەم : ئەبێ بەرائەت لە كوفر و شيرك و كافر و موشريكان بكا .**

**هەريەكێك لەمانەى تێدا نەبێ موسلمان نيە ئەو كەسە با ئيدعاش بكا بەدەم چونكە ئيدعا زۆرە .**

**الله تعالى دەفەرموێ : (وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ) ئێوە بگەرێنەوە و تەوبە بكەن پاشان تەسليمى وەجهى خۆتان بكەن بۆ الله تعالى موحيد بن ئيطاعەى بكەن لەشيرك و موشركين بەرى بن ، (لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ)پێش ئەوەى سزابێ (ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ)ئێوە كەس نيە سەرتان بخا (لَا تُنصَرُونَ)يانى كەس نيە سەرتان بخا و هيچ كەسێك نيە رزگارتان بكا .**

(وارجعوا إلى ربكم- أيها الناس- بالطاعة والتوبة، واخضعوا له من قبل أن يقع بكم عقابه، ثم لا ينصركم أحد من دون الله.) كێ ئەتوانی سەرمان خا لەکاتێکدا مەلک الموت دێی و ئەتبا بۆ بەرزەخ و بۆ رۆژی قیامەت و کەس بەکەس نیە .

(وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ (٥٥))

الله تعالی دەفەرمووی : (وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم) یانی (واتبعوا أحسن ما أُنزل إليكم من ربكم،)ئایا قورئانی پیرۆز هەمووی ئەحسەنە یاخود نا ؟! هەمووی ئەحسەنە ،بەڵام هەندێک لە ئەهلی عیلم دەفەرموون : حسن و ئەحسەن لەنێوان نصوصەکاندا چیە ؟ بۆنمونە الله تعالی دەفەرمووی : ئەگەرە تەعدات لێ کرا ئەتوانی بەگوێرەی تەعداکەی خۆت تەعدا بکەیتەوە بەس ئەگەر صەبریش بگریی ئەوە باشتر و ئەحسەنترە.

کەواتە ئێوە دەست بەچیوە بگرن بەبەردەوام بە ئەحسەنەکەوە بگرن ، حەسنەکەشی هەر ئەحسنە ئەحسەنەکەشی هەر ئەحسەنە بزانن ، بەڵام ئینسان چی بکا ؟ بەبەردەوام لەگەڵ ئەوەدا بێ کامەی ئەوەی کە دەرەجەی ئیسحانە لەدەرەجەی ئیحساندا بسورێتەوە هەتا بۆت بکرێ هەولبدە لەدەرەجەی ئیحساندا بسورێتەوە هەروەکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووی : (أن تعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك)[1] سەیر بکەن خۆشەویستانم ! کاتێک کە تۆ الله تعالی دەبینی هەست بکە کە تۆ الله تعالی ئەبینی ئەگەر یەکێک تەعدات لێ بکا تەعدای لێ ئەکەیتەوە ؟! شەرم ئەکەی ئەلێ ئەوە خوایە ، تشبیە نەبێ کاتێک کە سولطەیەک راوەستاوە کەسێک تەعدات لێ دەکا پۆلیسێک راوەستاوە کە تەعدات لێ کرا تۆ چی ئەکەی ئەو کاتە ؟! هیچ ناکەی بۆ ئەوەی دەست درێژییەکەی تۆ نەبێتە حالەتێک بەسەرتەوە کابرایەک بلێ تۆش وات کردوە تۆش زیادەت کرد بەلکو رادەوەستی ، خۆ ئەگەر بیشی کات لەهەمانکاتدا الله تعالی

[1]:رواه البخاري :٥٠ ،، رواه مسلم :٩ ،، من الحديث أبى هريرە(رضى الله عنه)

روخسەتی داوە بەلام بەدەقەر خۆی نەک زیاتر ، هەتاوەکو لەقسەپێ وتندا کەسێک قسەیەکی پێی وتی ئەتوانی هەمان قسەکەی پێی بلێتەوە بەس پێی نەلێتەوە باشترە ، ئەی ئەگەر زۆرت پێی وتەوە (وإذا خاصم فجر)[1] ،کابرا پێت ئەلێ ملت بشکێی ئەو دەلێ هەموو گیانت بشکێی ئەمەیە خاصم فجرە !!لێرەوە تجاوز دەکا بۆ شتیتر ، ئی خۆ ئەگەر نەیلێ باشترە ، وە ئەمە صەبرێکی زۆری دەوێ (وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ)[2] بەراستی خۆمان لەسەر ئەوە رابهێنین ئەمە بەچی دەکرێ ئەم ئەخلاقە بە صەبرگرتن.

(وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ)ئێوە شوێن باشترین ئەو ئایەتانە بکەون کە هاتۆتە خوارەوە لە الله تبارک وتعالی وە بۆ ئێوە پێش ئەوەی رۆژێک بێ کە عەزابەکەی لەناکاوە ، لە پرێکدا مردن نایەت !؟ لە پرێکیشدا لەدوای ئەوە چی دروست دەبێ ئیتر نەکال و عەزابی الله تعالی (وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ)ئێوە هەست ناکەن بەهاتنی ئەم عەزابە لەناکاوە و لەپرێکدایە ئێوە شعوری پێی ناکەن .

(أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَا حَسْرَتَا عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ (٥٦))

یان ئیطاعەی الله تعالی بکەن و بگەرێنەوە و تەوبە بکەن هەتاوەکو هیچ نەفسێک ئاوا پەشیمان نەبێتەوە و بلێت (یا حسرتی علی ما ضیعت في الدنیا من العمل بما أمر الله به)[3] بلێ : پەشیمانم یانی داوای پەشیمانی و نەدامەت و حەسرەت بکا ئەلێ مال وێران بووم چیم بەخۆم کرد لەوەی کەوا لەدونیادا چیم لەدەست خۆم دا !؟ عەمەل بە ئایەتی الله تعالی و سونەتی رسول اللله (صلی الله علیه وسلم) بەوەی کە الله تعالی ئەمری کردوە ، من تەقصیری و کەم و کوریم هەبووە لەطاعەتی الله تعالی دا ئەگەر چی لەدونیاشدا گاڵتەم کردوە و ئیستهزام کردوە سوخریەم کردوە بە دینی الله تعالی الله تعالی پەنامان بدا .

---

[1]: رواه البخاري (٣٤) ومسلم (٥٨)
[2]:سورة فصلت اية :٣٥
[3]:التفسير الميسر

**جا تەماشا ئەکەی ئەمە زۆر کەس لەوانە ئەگرێتەوە الله پەنامان بدا کە ئەمرۆ گوێی نادەن بە دینی الله تبارک وتعالی سەر زارەکی دەڵێن موسلمانین ، ئەم ئایەتانە ئایەتێکن بەراستی ئیسنان ئەگەرێنەوە و ئەهەژێنن ،یەک یەک سەیری بکەی و بچیتە ناو حەقیقەتی واقیعی ئەو کاتەی کە ئەووت بەسەردێ ، یانی ئێستا خۆت وا فەرز بکە الله تعالی پەنامان بدا تۆ یەکێکی لەوانە ئەم قسانە ئەکەی ، بلێ** ﴿نَفْسٌ يَا حَسْرَتَا عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ﴾ **الله پەنامان بدا .**

﴿أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ اللَّهَ هَدَانِي لَكُنتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (٥٧)﴾

**الله تعالی دەفەرمووی : یان تۆ بلێ ئەگەر الله تعالی هیدایەتی بداباما یە من ئەبوم لەو کەسانەی کەوا لە شیرک و معاصی خۆم ئەپاراست ،﴿ أو تقول: لو أن الله أرشدني إلى دينه لكنت من المتقين الشرك والمعاصي.﴾[1]یانی ئەو قسەیەی بۆخۆی چیە ؟ الله تعالی ئیرشادی نەکردوین ؟! هیدایەتی نەداوین ؟! با ، ئینجا ئەم لێرەدا ئەڵێ ئەگەر الله تعالی هیدایەتی بداباما یە ئەبووم بە ئینسانێکی لە خواترس خۆم لەشیرک و مەعاصی ئەپاراست ، تەبعەن الله تعالی لەرۆژی قیامەت ئەو کەسانەی کەوا دەڵێن بەدرۆیان ئەخاتەوە تۆ چو زانی کە من هیدایەتم داوی یان هیدایەتم نەداوی لە عالەمەی قەدەردا ، بەس ئەوەتا قورئانم بۆ ناردوی و پێغەمبەرم بۆ ناردوی وە رێنمایم کردوی .**

﴿أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (٥٨)﴾

**الله تعالی دەفەرمووی :** ﴿أو تقول حين ترى عقاب الله قد أحاط بها يوم الحساب﴾**یان کاتێک کە عەزابەکەی دێی ئیحاطەی پێ ئەدا لە رۆژی قیامەت ئەڵێ :** ﴿**ليت لي رجعة إلى الحياة الدنيا**﴾**ئەڵی : خۆزگایە بگەرامایەتەوە بۆ دونیا ،**﴿ فَأَكُونَ مِنَ

---

[1]:التفسير الميسر

الْمُحْسِنِينَ)سەیری کە : محسین  چ مەرتەبەیەکە ؟ گەورەترین مەرتەبەیە ، خۆزگایە بگەرابامایەتەوە ئەبووم بەباشترین کەس ، ئەبوم بەو کەسانەی کەوا عیبادەتیان بۆ الله تعالی یان ئەکرد وەکو ئەوەی الله تعالی یان بینیبی !!

بەلاَم ئەم خۆزگە خۆزگەیە لەدەست دەرچوە ، ئیستا حالین ئەوەتا ئیستا لەبەردەست دایە با بیکەین ، تەبعەن بەبێ خوا هیچ شتێک ناکرێ بۆیە داوا لە الله تعالی دەکەین جل وعلا .

(أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ)پێی یان ئەلێ  الله تعالی .

(بَلَىٰ قَدْ جَاءَتْكَ آيَاتِي فَكَذَّبْتَ بِهَا وَاسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ (٥٩))

الله تعالی دەفەرمووی : الله تعالی رەدی ئەوانەی پێش ئەم ئەمە ئەداتەوە بەچی رەدیان ئەداتەوە ؟! ئەلێ : وانیە ئەوەی کە تۆ ئەیلێت  ،یانی چی ؟ وەکو باسمان کرد تۆ چوزانی الله تعالی هدایەتی نەداوی یاخود هیدایەتی داویی ، ئەمە لەعیلمی قەدەردایە و کەس ئاگایی لێ نیە ، خۆ هیدایەتی بەیانی بۆ تۆ کردوە هیدایەتی تەوفیق ئەوە لەلای الله تعالی یە و کەس پێی نازانی .

کەوتە : (قد جاءتک آیاتي الواضحة الدالة علی الحق)ئەوە ئایەتانەی کەوا دەلالەت لە حەق دەکا بۆت هات یان نا ؟ قورئانت بۆ هات یان نا ؟ کەواتە الله تعالی چی کرد بە حوجە بۆ ئەم عالەمە ؟ ئایەتەکانی (فکذبت بها، واستکبرت عن قَبولها واتباعها،)تۆ بەدرۆت زانی وە پشتت تێکرد خۆت متەکەبیر کرد و دوای نەکەوتی ئایەتەکە (وکنت من الکافرین بالله ورسله.).

﴿وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ (٦٠)﴾

**الله تعالى دەفەرمووێ : ﴿وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ﴾ یانی لەرۆژی قیامەتدا تۆ ئەوانە ئەبینی کە ئەوانەی بێ بروا بوون بە الله تعالی بەرۆژی دوای و بە پێغەمبەرەکانی و بەئایەتەکانی ئەوانەی کە الله تعالی وەصفی کردن بەوەی کەوا خۆیان وەصف کردوە کە لایەقەی نیە ﴿ونسبوا إليه الشريك والولد وجوههم مسودة.﴾ئەوانەی کەوا شەریکیان بۆ الله تعالی بریار داوە مندالیان بۆ الله تعالی قەرار داوە لەرۆژی قیامەتدا دەم و چاویان هەمووی رەشە ، الله تعالی دەفەرمووێ : ﴿أليس في جهنم مأوى ومسكن لمن تكبر على الله، فامتنع من توحيده وطاعته؟ بلى.﴾ الله تعالی دەفەرمووێ : ﴿أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ﴾ئایا لەجەهەنەمدا جێگە و مەنزلگا و شوێنی ئەو کەسانەی تێدا نیە کە موتەکەبیرن ؟!**

**موتەکەبیر ؟ کێ یە؟ یانی نەتەوحیدی الله تعالی بەرێوە دەبا نە :طاعەتی الله تعالی بەرێوە دەبا ، الله تعالی کە ئەم پرسیارە ئەکا هەر خۆی ؟ بەڵێ شوێنی ئەمانە لەجەهەنەمدا هەیە .**

﴿وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦١)﴾

**الله تعالی کێ رزگار دەکا لە رۆژی قیامەت لەجەهەنەم ؟! ﴿وينجي الله من جهنم وعذابها الذين اتقوا ربهم بأداء فرائضه واجتناب نواهيه بفوزهم وتحقق أمنيتهم،﴾الله تعالی بەفوز و بەتەحقیقی ئەمنیەتی ئەوان ئەو کەسانە رزگار ئەکا بەوەی کەوا تەوحیدیان بردوە بەرێوە وە ئنقیادی طاعەی الله تعالی بوون وەهەروەها شیرک و کوفر و ئیلحاد و ئەوبابەتانەیان هەمووی تحریم و تجریم کردوە وە کافربوون پێی ئەمانە الله تبارک وتعالی رزگاریان دەکا وە بەهەشتیان پێ دەبەخشی ﴿لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾هیچ ناخۆشیەک توشیان نابێ وە دلتنەک و نارەحەتیش نابن لەوەی کەوا لەدونیا لەدەستیان دەرچووە ﴿ولا هم يحزنون على ما فاتهم من حظوظ الدنيا.﴾.**

إبن كثير دەفەرمووی :

(۝ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٥٣))

(هذه الاية الكريمة)ئەم ئايەتە پیرۆزە (دعوة لجميع العصاة من الكفرة وغيرهم إلى التوبة والإنابة)ئەمە بانگەوازێکە لەلایەن الله تعالى وە بۆ هەر هەموو سەرپێچی کەران بۆ هەموو موشرکین و کافرین و مولحیدین و هەموو تاوانبەران و هەموو جەباییرە و ملهوران هەموو ئەوانەشی کە موسلمانان و لەتاواکردن بەردەوامن بۆ ئەوەی کەوا بگەرێنەوە و تەوبە بکەن بێنەوە سەر دینی الله تعالى طاعەتی الله تعالى بکەن (وإخبار بأن الله يغفر الذنوب جميعا)وە الله تعالى وە خەبەری داوە کەوا لەهەموو گوناهەکان خۆش دەبێ (لمن تاب منها ورجع عنها)بەمەرجێک تەوبە بکات و بگەرێتەوە الله تعالى لێ خۆش دەبێ (وإن كانت مهما كانت)چەندێک بێت گوناهەکانی (وإن كثرت وكانت مثل زبد البحر .)چەندێک زۆربێ بەقەدەر کەفی سەر دەریا (. ولا يصح حمل هذه [ الاية ] على غير توبة )ئاگادارین ئەمە چی ناگەیەنی ئەم ئایەتە ؟ نابێ لەسەر غەیری تەوبە باس بکرێ یانی ئەبێ بەتەوبەوە بێ (يغفر الذنوب جميعا)کەسەکە ئایەتەکە بهێنی و بلێ الله لەهەمو گوناهێک خۆش دەبێ و هەموو گوناهێک دەکەم نابێت شتی وا بەلکو ئەبێ تەوبە بکەیت (لأن الشرك لا يغفر لمن لم يتب منه. )بەتایبەتی شیرک ، ئەوە الله تعالى لێ خۆش نابێ إلا ئەبێ تەوبەی لێ بکەیت واتا لەدونیادا تەوبەی لێ بکەیت ، غەیری شیرک وەکو وتمان محتەمەلە الله تعالى لەکەسەکە خۆش بێ وە إحتمالیشە لێ خۆش نەبێ (يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ ۚ)[1] .

ئیمامی إبن کثیر لەصەحیحی بوخاری حەدێثێکم بۆ دەهێنی ئەفەرمووێ : (وقال البخاري: عن ابن عباس [ رضي الله عنهما ] ؛ أن ناسا من أهل الشرك كانوا قد قتلوا فأكثروا ، وزنوا فأكثروا) سەیریکەن لەم حەدیثە با تۆزێک ورد بینەوە چونکە هەمووی پەیوەندەی بە مەلەسەی عقیدەوە هەیە ، ئەلێ : کەسانێک لەئەهلی شیرک ،یانی

---

[1]:سورة الفتح اية :١٤

ئەوانەی پێش دینی ئیسلام ئەهلی چی بوون ؟ شیرک بوون ، بۆچی ؟ چونکە شیرکیان لەعیبادەتدا کردوە ،

ئینجا نەزان بوون یان نەزان نەبوون ؟! نەزان بوون ، کەچی هەر ئەهلی شیرکن !. سەیرکەن کەسێک کە نەزانە بەنەزانی شیرک ئەکا هەر موشریکە ، بەڵام وەکو وتمان جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو کەسەی معذب بێت مخاذ بێ بەو شیرکەی لەکاتی نەزانین دا معذب نەبێت ، ئەوە معذب ە کێ یە ؟ ئەوەیە کە پێی وترا ، ئەوەشی کەوا معذب نیە ئیختبار دەکرێ کە پێی نەوتراوە بەڵام لەئەهلی شیرک ئەچێتە دەرەوە ؟! نەخێر ، ئێستاش هەرکەسێک بلێت یارسول الله پێی ئەبێت بەموشریک ، ئەوەنیە کەوا بلێن والله فەرق دەکەین لەنێوان قەول و قائیلدا لەنێوان فعل و فاعیلدا لەو مەسائیلانەی کەوا مەسەلەی شیرک و تەوحیدن ، ئەبێ وریابین کەواتە (أشرك فهو مشرك) ئینجا ئەم کەسە ئەگەر زانیبێتی ئەوە ئیتر تەواو ئیقامە حوجەی لەسەر کراوە الله تعالى دەفەرمووێ : (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا)[1] رسولی بۆ هاتوە و پێی وتراوە و تەواو ، ئەگەر پێی نەگەیشتبێ ئەوە ئیمتحان دەکرێ .

جا لێرە سەیری حەدیثەکە بکەن ئەلێ : (أن ناسا من أهل الشرك)یانی موشریکەکان (الشرك كانوا قد قتلوا فأكثروا)یانی زۆریان کوشتبوو لەکاتی خۆیدا لەکاتی جاهیلیەتدا (وزنوا فأكثروا) زینایەکی زۆر زۆریشیان کردوە ، یانی تۆ سەیر بکە ئەم ژیانەیان چۆن بردۆتە سەر !! بەشیرک و بەزینا و بە کوشتن و بەم تاوانانە (فأتوا محمدا - صلى الله عليه وسلم)هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)( فقالوا : إن الذي تقول وتدعو إليه لحسن لو تخبرنا أن لما عملنا كفارة .)وتیان : ئەم دینەی تۆ باسی دەکەی زۆر زۆر خۆش و زۆر چاک و رێک و پێکە بەس بەمەرجێک ئێمە بزانین ئایا ئەوەی کردومانە کەفارەتی هەیە ؟ ئایا ئێمە الله تعالى لێمان خۆش دەبێ ؟ ئایا لەوانەی کەرابردووە حوکمی ئێمە چیە ؟!

---

[1]سورة الإسراء اية : ١٥

**ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە :** (**فنزل** : وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا)[1] **دواتر الله تعالى فەرمووی :** (إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا)[2]**كەواتە الله تعالى لەهەموو گوناهێک خۆش دەبێ الله تعالى هەموو گوناهەکانیان بۆ دەکا بەچاکە .**

(**ونزل [ قوله ]** :)**ئەم ئایەتەش هاتە خوارەوە** : (قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ)[3]**کەواتە ئینسان نابێ بێ هیوا بێ ئەوەی بێ هیوا بێ کێ یە؟ کافرە .**

**کەواتە رجا ئەبێ تۆ ئەوەندە رجات بە الله تعالى هەبێ کە بەهیچ شێوەیەک بێ هیوا نەبێ لە رەحمەتی الله تعالى دا بەلآم ئەبێ خەوفیشت هەبێ لەوە بترسی کە الله تعالى لێت خۆش نەبێ و بەگوناهەکانت بتگرێ بەس ناشبێ بێ هیوا بیت یانی بەم دوو جانیبە بچیت بۆلای الله تعالى .**

(**والمراد من الاية الأولى**)**ئەوەی مەبەستە لەئایەتی یەکەم** (**قوله** : إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا ) **ئەلێ ئایەتەکە مەبەستمان ئەم ئایەتەیە کە ئەوەی تەوبەی کردبوو لەوگوناهانەی الله تبارک وتعالى لێ خۆش دەبێ .**

**حەدیثێکیترمان بۆ دەهێنێ کە** (**ضعیفە**)**لەدواتردا سێ حەدیثی** (**ضعیفەیتر**)**دەهێنێ کە**[4] **دەلێ** : (**فهذه الأحاديث كلها دالة على أن المراد : أنه يغفر جميع ذلك مع التوبة**

---

[1]:سورة الفرقان اية : ٦٩
[2]سورة الفرقان اية : ٧٠
[3]: الراوي : عبدالله بن عباس | المحدث : مسلم | المصدر : صحيح مسلم ،الصفحة أو الرقم: ١٢٢ | خلاصة حكم المحدث : [صحيح]
[4]: وقال الإمام أحمد : حدثنا حسن ، حدثنا ابن لهيعة ، حدثنا أبو قبيل قال : سمعت أبا عبد الرحمن المري يقول : سمعت ثوبان - مولى رسول الله - صلى الله عليه وسلم - يقول : سمعت رسول الله - صلى الله عليه وسلم - يقول : " ما أحب أن لي الدنيا وما فيها بهذه الآية : ( يا عبادي الذين أسرفوا على أنفسهم ) إلى آخر الآية ، فقال رجل : يا رسول الله ، فمن أشرك ؟ فسكت النبي - صلى الله عليه وسلم - ثم قال : " ألا ومن أشرك " ثلاث مرات . تفرد به الإمام أحمد.
وقال الإمام أحمد أيضا : حدثنا سريج بن النعمان ، حدثنا روح بن قيس ، عن أشعث بن جابر الحداني ، عن مكحول ، عن عمرو بن عبسة قال : جاء رجل إلى النبي - صلى الله عليه وسلم - شيخ كبير يدعم على عصا له ، فقال : يا رسول الله إن لي غدرات وفجرات ، فهل يغفر لي ؟ فقال : " ألست تشهد أن لا إله إلا الله ؟ " قال : بلى ، وأشهد أنك رسول الله . فقال : " قد غفر لك غدراتك وفجراتك " . تفرد به أحمد.

**،)دەلەلات لەوە دەکا کەوا لەتاوانی پێشوو خۆش دەبێ (ولا يقنطن عبد من رحمة الله ، وإن عظمت ذنوبه وكثرت)هیچ کەسێک بێ هیوا نەبێ ئەگەر تاوانەکانی چەندێک زۆربێ وە چەندێکیش گەورە بێ ( فإن باب التوبة والرحمة واسع)لەبەر ئەوەی دەرگای تەوبە لەلای الله تعالى وە بەرفراوانە .**

**الله تعالى دەفەرمووێ : (أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ)[1] نازانن کە الله خۆیەتی قبولی تەوبە دەکا ، یانی تەوبە بەدەستی کەسەوە نیە قبولی بکا إلا الله تعالى وە نەبێ ، کەوتە تۆ لەدینی ئیسلامدا زۆر دلخۆشی بەوەی تۆبەندەی الله تعالى و بەندەی کەس نیت ، تاوانت کردوە لەبەرامبەر الله تعالى دا خۆی داوا دەکەی کەوا لێت خۆشبێت ، لەدینی ئیسلامدا واسطە نیە لەنێوان تۆ و الله دا !! بەداخەوە کە کەسانێک شیرک ئەکەن داوا لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و پیاو چاکان دەکەن بەهۆی ئەوانە الله تعالى لێیان خۆشبێ بەمەرجێک الله تعالى خۆیی دەفەرمووێ : (أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ)خوا خۆیەتی و کەسیتر ناتوانی لە توبە خۆشبێ ، ئێستا تۆ هەزارجار داوا لە پێغەمبەر بکەی (صلى الله عليه وسلم) هەتاوەکو لەحالی دونیاشدا کە الله لێت خۆشبێ ئایا ئەگەر الله تبارک وتعالى لێت خۆش نەبێ ئەتوانی ئەو لێت خۆشبێ !؟ نەخێر لێت خۆش نابێ ، لەبەر ئەوە الله تبارک وتعالى ڕێگەی نەدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) داوا بۆ مامی بکا ڕێگەی نەدا داوا بۆ دایک و باوکی بکا ، وەرێگەی نەدا داوا بۆ مونافیقەکان بکا هەتاوەکو الله تعالى فەرمووێ : (اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ ۚ)[2] پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ئەگەر بزانم لە ٧٠مین جار لێ خۆش دەبێ داوای لێ دەکەم لێ خۆش بێ ، بەس ڕێگە نیە زیاتریش داوا بکا الله تعالى لێیان خۆش نابێت .**

**کەواتە ئەبێ ئەوە بزانین کەوا لێخۆشبوون و ڕەحمەت بەس بەدەستی الله تعالى وەیە ، ئەمە وە ناگەیەنی بلێن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) شەفاعەت و داوای نیە ، نەخێر**

---

وقال الإمام أحمد : حدثنا يزيد بن هارون ، حدثنا حماد بن سلمة ، عن ثابت ، عن شهر بن حوشب ، عن أسماء بنت يزيد قالت : سمعت رسول الله - صلى الله عليه وسلم - يقرأ : ( إنه عمل غير صالح ) [ هود : ٤٦ ] وسمعته يقول : " ( يا عبادي الذين أسرفوا على أنفسهم لا تقنطوا من رحمة الله إن الله يغفر الذنوب جميعا ) ولا يبالي ( إنه هو الغفور الرحيم(
ورواه أبو داود والترمذي ، من حديث ثابت ، به.

[1]:سورة التوبة اية :١٠٤

[2]:سورة التوبة اية :٨٠

وانالێن ، بەس الله تعالى دەبێ لەم شەفەعات و داوایە رازی بێ ، وتی : ئەگەر نەهیم لێ نەکرێی دوعات بۆ دەکەم !! بەلاّم نەهی لێکرا بۆ ئەبو طالب .

إبن كثير ئایەتێکیتر دەهێنێتەوە : (وقال تعالى : وَمَن يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا)[1] هەرکەسێک گوناهەیەک ئەنجام بدا یان زولم لەنەفسی خۆی بکا بەچی ؟ تەبعەن هەر گوناهێک تۆ بیکەی زولم لەنەفسی خۆت دەکەی بۆ ؟ چونکە نەفسی خۆت بەرە و عەزاب و هیلاکەت ئەبی بەرەو عقوبەی الله تعالى دەبەی ئەوە تۆ ئەوکاتە زولمت لەنەفسی خۆت کردوە ، ئەو نەفسە الله تعالى بەتۆی داوە کەتۆ بەرە و بەرە و طاعە و بەرە و بەهەشت ببیەی بەلاّم کاتێک تۆ گوناە و تاوان دەکەی زولمی لێ ئەکەی و بەرە وجەهەنەمی ئەبیت ، بەلاّم (ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا)ئەگەر داوای لێخۆشبوون بکا ، بلێ خوایە لێم خۆشبە ، الله تعالى ئەبینێتەوە کەوا(غَفُورًا رَّحِيمًا)دائیمەن ئەم دووناوە بەیەکەوە دێن ،

جا لێرەدا ئەبێ ئاگادارببین (غفور و رحیم)دوو ناون إلا ئەوە ئەگەیەنن کە ئەبێ کەسانێک هەبن گوناهباربن ، کەسانێک هەبن پێویستیان بەرەحمەت هەبێ وایە یان نا؟ کەواتە الله تعالى بەرامبەر بمانە یانی متمانەن و تەکید بە کە إن شاء الله لێت خۆش دەبێ ، بۆیە موسیربە لەداوا کردن چونکە الله تعالى غفورە.

(وقال تعالى في حق المنافقين :)الله تعالى لەحەقی مونافیقەکاندا فەرموویەتی : (إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا)[2] (الدَّرْكِ)چی یە ؟ و دەرەجاتمان هەیە دەرەجات بۆ سەرەوەیە دەرەکاتیش بۆ خوارەوەیە ، الله تعالى دەفەرمووی : ئەوانە لەپلەی خوارەوە خوارەوەی جەهەنەمن لەکافرەکانیش خراپترن ، چونکە کافر صەراحەتەن خۆی دەرخست کەوا کافرە ، بەلاّم ئەو ئەچی خیانەت ئەکا خۆی لەلای تۆ بەموسلمان دەرئەخا لەلای کافریش کافرە و خیانەت ئەکا ، الله تعالى دەربارەی مونافیقەکان دەفەرمووی : (يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا

---

[1]:سورة النساء اية :١١٠
[2]:سورة النساء اية :١٤٦

أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ)[1] وە الله تعالى دەفەرمووى : (وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا (١٤٥) إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا)[2] بەرامبەر بەم مونافيقانەش ئەلێ : كە لەدەركى ئەسفەلدان هيچ كەسێكيش ناتوانى ناصر و سەرخەريان بێ بەڵام دەلێ : إلا ئەوانە نەبێ كە تەوبە دەكەن ، كەواتە هەركەسێك مونافقيش بێ تەوبە بكا الله لێ خۆش دەبێ ، سەيرتان كردوە نيفاق چەنێك گەورەيە ! نيفاق وەكو تاوان وەكو كافر نيە ، مونافيق و كافركاميان خراپترن؟! مونافق خراپترە، كە الله تعالى لەمونافيق خۆش بوو ئەى چۆن لەكافر خۆش نابێ وە چۆن لە موسلمانێكى تاوانبار خۆش نابێ !! بەمەرجێك تەوبە بكا .

إبن كثير ئايەتێكيتر دەهێنى (، وقال: لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ ۘ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۚ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)[3]والله بەراستى كافربوو ئەو كەسانەى كە وتيان الله يەكێكە لە سێيانەكە ، سێ يانەكەش بريتين : لە الله و عيسا و جوبريل ئەلێن ئەمە هەر سێكيان بريتين لە خوا (ثلاثة فى الواحد واحد فى ثلاث) يانى خوا سێيانە لەيەكدا و يەكە لەسێيانداو العياذ بالله پەنا ئەگرين بە الله لەم قولەيان ، ئەوانەى كەوتويانە الله يەكێكە لە سێيانەكە (وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۚ)الله تعالى دەفەرمووى : لە الله تعالى زياتر هيچ ئيلاە و پەرستراوێكيتر نيە ئيلاە يانى معبود و مطاع بەقسەكراو لە الله زياتر كەسيتر نيە (وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)إبن كثير بۆ ئەم ئايەتە ئەهێنێتەوە ؟ يانى باسى جۆرەكانى كافرينمان بۆ دەكا لە قوبحى شيرك و كوفر و گوناهەكانيان كەچەندێك گەورەن ئەوە باسى تاوانبارانى كرد و ئەوە باسى ئەهلى شيركى كرد ئەوە باسى مونافقين دەكا ئەوە باسى نەصرانيەكان دەكا كە دەلێن خوا سێيانە ، ئايەتەكە دەفەرمووى : ئەوانەى كە كافربوون لەوانە الله تعالى عەزابێكى زۆر زۆريان ئەدا .

(ثم قا: أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى اللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ ۚ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)[4] بۆ ناگەرێنەوە لەم شيرك و كوفرە بۆ داواى لێخۆشبوون لە الله تعالى ناكەن (وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)ئەگەر

---

[1]:سورة البقرة اية : ٩
[2]:سورة النساء اية :١٤٦-١٤٧
[3]:سورة المائدة اية :٧٣
[4]:سورة المائدة اية :٧٤

**ئەوان بگەڕێنەوە ئەوا الله تعالى غفور و ڕەحيمە ، سبحان الله تۆ سەير بكە ئيفترا و درۆت بەخوا كردوە تەوحيدى تێكداوە و موشريک بووە دواتر الله تعالى دەفەرمووى بگەڕێتەوە لێى خۆش دەبم .**

(**وقال**: إِنَّ الَّذِينَ فَتَنُوا الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا)[1] **لێرە** (فَتَنُوا)**بەماناى سوتان ، ئەوانەى موسلمانەكانيان سوتاند ئەو قصەى ئەصحاب الخدود ئەو پاشايەى كە هەموو خەلكە موسلمانەكەى خستە ناو ئاگرەوە ، يانى تۆ بێنە بەر چاوى خۆت لەو گوناهە گەورەيە هەموو موسلمانەى ئەم شارەى خدود يانى چال چالێ لێدا ئەم خەلكەى هەموو خستە ناو ئەو چالە ئاگرانەوە ئەم هەموو گۆشت و ئيسقانە هەمووى سوتا و ئەچێ بەئاسماندا لەبەر چاوى ئەم كەسە ئەبێ چ دڵ ڕەقێک بووبێ ئەم كەسە ! كەچى الله تعالى دەفەرمووى** : (ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا).

**ئينجا سەيرى سەلەف بكەن چيان وتوە** (**قال الحسن البصري : انظر إلى هذا الكرم والجود**)**حەسەنى بەصرى دەفەرمووى : تۆ سەيرى ئەم كەرەم جودە بكە و ئەم سەخاوەتە بكە لە الله تعالى وە** (**قتلوا أولياءه وهو يدعوهم إلى التوبة والمغفرة.** ! ) **خۆشەويستانى الله تعالى يان كوشت ئيماندارەكانيان كوشت و سوتانديان كەچى داواى تەوبە و مغفيرەتيان لێ دەكا ئەلێ بگەڕێنەوە ولێتان خۆش دەبم** (ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا).

(**والايات في هذا كثيرة جدا.** )**إبن كثير دەفەرموى : ئايەت لەم بارەيەوە زۆر زۆرە ، ئايا ئەمە ئەو پەرى هيوامان بۆ دروست ناكا بەلام نابێ ئێمە لەهەمانكاتدا وريابن نەوەكو وەكو مورجيئە بين بەكەيفى خۆمان گوناه ئەنجام بدەين بلێن : ئەگەر بلێن** (**لا اله الا الله** ) **ڕزگارمان دەبێ نەوەكو خەوارجيش بترسێن بلێن : ئەگەر گوناهاێكت كرد يەكسەر كافر دەبى .ئەبێ ئاگادارى ئەم دوو جانيبە بين ئەهلى سونە وجماعە بەم شێوەيە دەروا .**

---

[1] :سورة البروج اية :١٠

إبن كثير لەصحيحين حەديثێكمان بۆ دەهێنی لەم حەديثەدا دەرسێكی زۆر گرينگی تێدايە بۆ ئەوەی ئينسان عالم بێت عابد تەنها سودی بۆ خۆيەتی بەس عالم بۆخۆی و بۆخەلكيتريشە ، عالم ئەتوانی ئومەتێك هيدايەت بدا بەڵام عابد ناتوانی ، يانی نەتوانينەكەی لەچيە ؟ لەوەيە كەوا لەئەصلی دينەكەی تێنگەيشتووە راستە عيبادەت دەكا بەس وەكو پێويست لەدينەكەی تێنەگەيشتوە ،

باسی ئەو كەسەمان بۆ دەكا ئەوەی كەوا ٩٩ كەسەكەی كوشت ئەمە لەصەحيحينە ئەفەرمووی :

ئەبو سەعيد بۆمان ريوايەت دەكا لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)( حديث الذي قتل تسعا وتسعين نفسا ، ثم ندم وسأل عابدا من عباد بني إسرائيل)لەيەكێك لە عابيدەكانی بنی ئيسرائيلی پرسی لەوانەی كە خەريكی عيبادەت بوون بۆخۆيان واتا عالم نەبووە (هل له من توبة ؟)من ٩٩ كەسم كوشتوە ئايا ئەتوانم تەوبە بكەم ؟ ئەيەوێی بگەرێتەوە بۆ لای الله تەوبەم بۆ هەيە ؟!

(فقال : لا .)عابيدەكە فەرمووی : نەخێر ، تۆ ٩٩ كەست كوشتوە چۆن الله لێت خۆش دەبێ ، جا زۆر مان هەيە لەو كەسانە ئێستا چەندەها جار پێيمان ئەلێن : كەسی واهەيە دەلێ فلان ئيشم كردوە فلان مامۆستا جوێنی پێداوم و قسەی پێوتوم و دەری كردووم چومەتە بەردەمی مالی و تويەتی تۆ ئەوەت كردوە برۆ نەيتەوە بۆلامان !! ئەمە هەلەيە تۆ بۆ خەلكی وا لێ ی ئەكەی ! ، بانگی بكە بلێ وەرە كاكە چ تاوانێكت كردوە پێش هەموو شتێك ئێمە رازی نين بەوە تۆ تاوانت كردوە و پێشمان خۆش نيە بەلام لەهەمان كاتدا دەرگای رەحمەتی الله تعالى بەدەست منەوە نيە تۆ هاتبی بۆلام و من بلێم ئەوە لێم قەپات كردی ! نەخێر بەلكو بەم شێوەيەی بۆ باس دەكەی كە الله تعالى وتويەتی بەمەرجێك بگەرێتەوە ئەوكاتە دەرگاكە والايە .

(. فقتله وأكمل به مائة .)عابيدەكەشی كوشت و كردی بە١٠٠كەس .

(ثم سأل عالما من علمائهم : هل له من توبة ؟ فقال : ومن يحول بينك وبين التوبة ؟)سەيری ئەم وەلامە جوانە ؟ وتی كێ ئەتوانی لەنێوان تۆ و تەوبەدا شت بخاتە

نێوانتانەوە و جیاوازیتان بخاتێ !! نەخێر بەلکو ئەتوانی بگەڕێتەوە (ثم أمره بالذهاب إلى قرية )بەڵام ئامۆژگاریشی کرد و وتی برۆ لێرە مەمێنی ئێرە شوێنی تاوانە تۆ ئەنجامت داوە ، تەبعەن ئینسان لەشوێنی تاواندا چی دێتەوە خەیال ئەوەی کەوا کردویەتی لەتاوانەکانی لەوانەیە توشی شکستە بێت لەدوایدا با بڕوات و ئەم شوێنە بەجێبێلێت (إلى قرية يعبد الله فيها)بۆ شوێنێک کەوا عیبادەتی الله تعالى تێدا بکا .

(فقصدها فأتاه الموت في أثناء الطريق)هات بۆ ئەم شوێنەو بەقسەی عالمەکەشی کرد ،یانی ئەم کەسە صادق بوو لەتەوبەکەیدا ، بۆیە ئامۆژگارییەکەی جێ بەجێ کرد کە عالمەکە پێی وتبوو بەڵام لەڕێگا مردن و ئەجەل یەخەی پێی گرت ! (فاختصمت فيه ملائكة الرحمة وملائكة العذاب)تەبعەن باسمان کرد الملك الموت هەر یەکە بەڵام ئەوانەی کە لەگەل المولک الموت دێن ئەگەر کەسەکە جەهەنەمی بێت جەهەنەمی لەگەلیدا دێن ئەگەر بەهەشتی بێت بەهەشتی دێن لەگەلیدا ، هاتن لەچ جەماعەتێک بێ کەوا ڕۆحی هەلبکێشن ڕۆحی بچێتە دەستی مەلائیکەی ڕەحمە یان مەلائیکەی عەزاب !؟ (فأمر الله أن يقيسوا ما بين الأرضين)الله تعالى ئەمری کرد وتی: وەرن لەنێوان ئەم دوو زەویە زەوی شوێنی گوناهەکەی و زەوی شوێنی چاکەکەی کە بۆی ئەڕوا بپێون بزانن بۆ کامیان نزیک ترە مەسافەی کامیان کەمترێک بوو ، یانی  تۆ لەخراپە کە ئەچیت بۆچاکەکە بزانە نێوانەکەیان ئەملا زیاترە یان ئەولا ئەگەر ئەملا زیاترو زۆرتر بوو یانی بۆلای خراپەکە بوو با مەلائیکەی عەزاب ڕۆحەکەی ببەن ئەگەر بۆلای چاکە بوو با مەلائیکەی ڕەحمەت ڕۆحەکەی ببەن ،(، فإلى أيهما كان أقرب فهو منها . فوجدوه أقرب إلى الأرض التي هاجر إليها بشبر)بۆ کامیان نزیکتر بوو ،یانی چی بۆ کامیان نزیکتر بوو ؟ یانی بۆ شوێنەکە ،یەک بستی فەرق بوو یانی نێوانەکانیان وەکو یەک وابوو بەس یەک بستی فەرق بوو واتا بستێک نزیکتر بوو لەوەی بۆ دەچوو بستێک چاکەکەی زیاتر بوو (فقبضته ملائكة الرحمة .)مەلائیکەی ڕەحمەت ڕۆحیان کێشا (وذكر أنه نأى بصدره عند الموت)لەکاتی مردنەکەیدا ڕۆیشت و دەفعی بەخۆی کرد بۆ ئەوەی زووتر بڕوا بۆ ئەم شوێنە تاوەکو نزیکتر ببێتەوە لەم شوێنە (وأن الله أمر البلدة الخيرة أن تقترب)وە لەڕیوایەتێکیتر هاتووە الله تعالى ئەمری بەم شوێنە کردوە کەوا

نزیک ببێتەوە بۆی ،یانی ئەو شوێنەی کەبۆی دەچێ نزیک ببێتەوە بۆ ئەوەی قیاسەکەی کەمتربێ (وأمر تلك البلدة أن تتباعد)بەو شوێنەکەیتریشی ئەمر کرد با دوورکەوێتەوە لێی شوێنی خراپکارییەکەی بۆ ئەوەی بۆ بەهەشت بروا .

کەواتە الله تعالى وەعدی خۆی بردە سەر یان نا ؟ وەعدی خۆی ئەباتە سەر (هذا معنى الحديث ، وقد كتبناه في موضع آخر بلفظه).

إبن كثير دەفەرمووی : عەلی کوری ئەبی طلحە لە إبن عباسەوە (رەزا و رەحمەتی الله تعالى یان لێ بێ ) دەربارەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی : (قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ) قال : قد دعا الله إلى مغفرته من زعم أن المسيح هو الله) الله تعالى لەم ئایەتەدا داوا ئەکا لە بەندەکانی بێن بۆ لێخۆشبوونی الله ، کێی بانگ دەکا ؟ (من زعم أن المسيح هو الله)کەسێک کە ئەلێ : عیسا خوایە ! (ومن زعم أن المسيح هو ابن الله)یان دەلێ کوری خوایە ! (ومن زعم أن عزيرا ابن الله)بانگی ئەوانە دەکا کە دەلێن عوزێر کوری خوایە ! (ومن زعم أن الله فقير)ئەوانە بانگ دەکا کە دەلێن الله فەقیرە ! کێی وای وت ؟ یەهود (ومن زعم أن يد الله مغلولة )کێ وای وت ؟ یەهود (ومن زعم أن الله ثالث ثلاثة )ئەوانەی دەلێن الله سێیانە .

(يقول الله تعالى لهؤلاء :)بزانە الله تعالى چێیان پێ دەلێ :( أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى اللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ ۚ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)[1] بۆ ناگەرێنەوە بۆلای الله تعالى بۆ داوای لێخۆشبوونی لێ ناکەن الله تعالى عفور و رەحیمە .

(ثم دعا إلى توبته من هو أعظم قولا من هؤلاء)لەوانیش گەورەتر کێ یە ؟ فیرعەون ،( من قال : (أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ)[2] گەورەترین کەلامی شیرکییە کە ئەلێ من خوای گەورەی ئێوەم ()، وقال: مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِي)[3] نەم زانیوە لەم زیاتر خوایەکتر هەبێ .

---

[1]:سورة المائدة اية :٧٤
[2]:سورة النازعات اى، ٢٤
[3]:سورة القصص اية :٣٨

**(قال ابن عباس [ رضي الله عنهما ] من آيس عباد الله من التوبة بعد هذا)إبن عەباس فەرمووی : هەر کەسێک خەلکی بێ هیوا بکا لەرەحمەتی الله تعالی لەدوای ئەوانەی کەوا باسکران(فقد جحد کتاب الله) ئەوە جحدی کیتابی الله تعالی کردوە کە الله تعالی دەفەرمووی : من لێ خۆش دەبم تۆ ئەلێ : نا ، واتا تۆ ئەم ئایەتە بەدرۆ دەخەیتەوە و ئینکاری ئەم ئایەتانە ئەکەی (ولکن لا یقدر العبد أن یتوب حتی یتوب الله علیه)بەلاّم خەلک ناتوانی هەتاوەکو الله تعالی تەوبەی لێ قبول نەکا .**

**جا ئەبێ ئاگاداربین ئەم ئایەتانە وەکو خۆی شەرح بکەین یانی ئەوە نیە بلێن کەوا درەگاری ئیجراء بۆ خەلکی بکەینەوە بلێن کاکە تۆ بۆ خەلکی کافر دەکەی ، ئایا ئەمانە کافر بوون یاخود نا ؟! ئەمە باسی ئەوە ناکا کەوا کافر نیە بەلکو ئەلێن : کافر بگەرێوە بۆ لای الله تعالی ، ئەی ئەگەر نەگەرێتەوە ؟! ئەوە مەسیری بۆ نارەحەتی خۆی ، ئەبێ ئێمە جیاوازی بکەین لەنێوان دوو حالەتدا لەنێوان ئەم حالەتی کەوا کەسانێک دێن کاتێک کە تۆ دەقی ئایەتێک دەخوێنیتەوە کە ئەلێ ئەوە شیرکە ئەوە زولم وکوفرە ئەوە فیسقە و ئەوە بیدعەیە یەکسەر چاوت لێ زەق دەکاتەوە و ئەلێ تۆ بۆ خەلک ئەنێری بۆ جەهەنەم ، تۆ خەلکت نەبردوە بۆ جەهەنەم بەلکو تۆ دەقەی ئایەت باس دەکەی کەوا الله تعالی ئاوا سزایان دەدا ،**

**نمونە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووی : (إن أشد الناس عذابا یوم القیامة المصورون)[1]کەچی لەوێی دەمت لێ دەکاتەوە ئەلێ تۆ بۆ خەلک بۆ جەهەنەم ئەبەی ، ئەمە قسە نیە ئەمە تۆ حەدیثت خوێندۆتەوە ، یانی ئەبێ تۆ رووبکەیتە پێغەمبەر والعیاذ بالله ئەوکاتە ئەم قسە بکەی !!**

**یان کاتێک کە الله تعالی دەفەرمووی : الله تعالی لەهیچ شیرکێک خۆش نابێ تۆ یەکسەر دەم بکەیتەوە و بلێ تۆ بۆ خەلک ئەکەیت بە موشریک تۆ بۆ وا ئەکەیت ئەوە نیە خوا بەرەحمە !؟**

---

[1]/ في الصحيحين عن أبي هريرة -رضي الله تعالى عنه-

الله تعالى بەرەحمە بەس بۆ چی ؟ عاقیدەکەی باس کرد إبن کثیر بەوەی کەوا تەوبە دەکا ئێوە تەوبە بکەن الله تعالى ش بەرەحمە ،ئەی ئەگەر تەوبەت نەکرد !؟ ئەوکاتە الله تعالى لەشیرک خۆش نابێ لەباقی گوناهەکانیتر (تحت المشیئه)یە .

ئایا مضمونە لەغەیری شیرک خۆشبێ ؟! ئێمە وەکو عام ئەڵێن : بەڵێ الله تبارک وتعالى فەرموویەتی : (إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ ۚ)[1] ئەم (لِمَن يَشَاءُ)زۆر گرینگە واتا محتەمەلە لێت خۆش نەبێ ! بۆیە ئەبێت بگریت ، مانای ئەوە نیە ئەگەر لەغەیری شیرک لێت خۆش نەبوو هەتا هەتایی بۆ جەهەنەم نەخێر بەڵکو ئەت سوتێنی بەگوێرەی گوناهەکانت ئەهلی بیدع بێ یان ئەهلی تاوان بی ، کەواتە ئەبێ ئەم جیاوازییە بکەین و واضح بێ.

( فقد جحد كتاب الله ، ولكن لا يقدر العبد أن يتوب حتى يتوب الله عليه. )

إبن کثیر ریوایەتێکمان بۆ دەهێنی و دەفەرمووی (وروى الطبراني من طريق الشعبي ، عن شتير بن شكل أنه قال : سمعت ابن مسعود يقول إن أعظم آية في كتاب الله : (اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ۚ)[2] ئیمامی طەبرانی ئەگێرێتەوە ئەفەرمووی لە إبن مسعودەوە (رەزاو رەحمەتی الله تعالى یان لێ بێت)کەفەرموویەتی : گەورەترین ئایەت لەقورئانی پیرۆزدا (اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ۚ)ئەم ئایەتەیە . تەبعەن گەورەترین ئایەت ئایەتی الكرسيه ، وە گەورەترین سورەتیش سورەتی الفاتحةیە جا لێرەدا ئەوەی کە سودی لێ دەبینین لەم ئایەتەی کەهێناو مانە باسی دەکا،

دەفەرمووی : (وإن أجمع آية في القرآن بخير وشر : إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ)[3] یانی کۆکەرەوەترین ئایەتێک لەقورئانی پیرۆزدا بۆ خەیر و بۆ شەر بریتیە لەم ئایەتەی (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ)،

[1]:سورة النساء اية ٤٨
[2]:سورة البقرة اية :٢٥٥
[3]:سورة النحل اية :٩٠

(وإن أكثر آية في القرآن فرجا في سورة الغرف)یانی ئەو ئایەتەی کەوا لەهەمووان زیاتر فەرەج و خۆشی تێدایە بۆ گوناهباران و بۆ تاوانباران بریتیە لەو ئایەتی کە لەسورەتی الغرف هاتوە ،

الغرف : یانی سورەتی الزمر کە باسی قەصر و باسی قصوری بەهەشتی تێدا کراوە ((قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ)).

هەروەها دەفەرمووی : (وإن أشد آية في كتاب الله تصريفا : وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ)[1]ئەو ئایەتەی کە لە قورئاندا سەرفی مەکاریم ئەکا واتا الله تعالی نارەحەتیەکان لەسەر عەبدەکانی لادەبا و نایهێڵێت بریتیە لەم ئایەتەی کە دەفەرمووی (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا)هەرکەسێک تەقوای الله تعالی هەبێ الله تعالی دەرگای لەبۆ لەهەموو نارەحەتیەکان دەکاتەوە (وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ) بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانی الله تعالی رزقی بۆ ئەنێرێ بەبێ ئەوەی حیسابی بۆ کردبێ . (فقال له مسروق : صدقت)مەسروق ی تابعی بە ئیمامی إبن مسعود دەفەرمووی :واتا راستت کرد.

(وقال الأعمش ، عن أبي سعيد ، عن أبي الكنود قال : مر عبد الله - يعني ابن مسعود - على قاص)قاص : یانی ئەو کەسەی کەوا قصە و چیرۆک دەگێرێتەوە کە دانیشتوون و ئامۆژگاری خەلکیان کردوە یادی خەلکیان خۆستەوە بە ئاخیرەت ، بەتایبەت ئەم جۆرە کەسانە جاری وا بووە دابەزیون بۆ نمونە خەلکیان ترساندوە (وهو يذكر الناس)خەلکی بیر دەخستەوە بۆ قیامەت ،( فقال : يا مذكر لم تقنط الناس ؟)ئەی ئەو کەسەی کە خەلک یاد ئەخەیتەوە بۆ خەلکی لە رەحمەتی الله تعالی بێ هیوا دەکەیت ؟! (ثم قرأ: قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ)کە الله تعالی بە پێغەمبەری فەرموو (صلی الله علیه وسلم)بەندەکانم بلێ : ئەوانەی کە تاوانێکی زۆر زۆریان ئەنجام داوە بێ هیوا مەبەن لە رەحمەتی الله تعالی .[2]

---

[1]:سورة الطلاق اية :٢-٣
[2]: رواه ابن أبي حاتم

إبن كثير (رەحمەتی الله تعالی لێ بێ ) دوای ئەمە باسی چەند حەدیثێکمان بۆ دەکات کەوا بێ هیوای لادەبا (نفي القنوط)کە ئینسان نابێ بێ هیوا بێ نابێ بەهیچ شێوەیەک وا لەخۆی بکا کەوا رەجای الله تعالی لەخۆی ببرێ .

حەدیثێکمان لە ئیمامی ئەحمەدەوە(رەحمەتی الله تعالی لێ بێت) بۆمان ریوایەت دەکا لەئەنەسەوە (رەزاو رەحمەتی الله تعالی لێ بێ)دەفەرمووی : (سمعت رسول الله - صلى الله عليه وسلم - يقول : " والذي نفسي بيده ، لو أخطأتم حتى تملأ خطاياكم ما بين السماء والأرض ، ثم استغفرتم الله لغفر لكم ، والذي نفس محمد بيده ، لو لم تخطئوا لجاء الله بقوم يخطئون ، ثم يستغفرون الله فيغفر لهم)گوێم لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بوو دەیفەرموو : سوێند بێ بەو الله ی کە نەفسی منی بەدەستە ئەگەر بێتوو ئەوەندە گوناە بکەن هەتا وەکو گوناهەکانتان ئاسمانەکان و زەوی پر دەکا ،ئیتر لەئاسمان و زەوی چی مایەوە ؟! چەند بەرفراوانە ! (ثم يستغفرون الله)دواتر داوای لێخۆشبوون لە الله تعالی کرد کە الله تعالی لێتان خۆشبێ (فيغفر لهم)الله تعالی لێتان خۆش دەبێ .

مادەم کەسەکە موحید بێ موشریک نەبێ ئەمە مەرج و شروطی هەیە هەروا بەئاسانی نیە تۆ گوناە بکەیت و بلێ خوایە لێم خۆشبە ئیتر تەواو ! بەڵکو ئەبێ ئەو کەسە ئینسانێکی موحید بێ و یەکخوا پەرست بێ و نابێ شیرکی هەبێ هیچ جۆرێک لە شیرکی هەبێ ، وە ئەو کەسە نابێ نەواقضی ئیمانی تێدا بێ وە ئەو کەسە دەبێ موحید بێ حەدیثی بیطاقە باشترین دەلیلە بۆ ئەمە ،

وەکو شێخ ئیسلام إبن تيميه دەفەرمووی : کەکاتێک (لا اله الا الله)کەیان بۆ وەزن کرد هەموو گوناکانی فرێی دا ! إبن تيميه دەفەرمووی : ئەم (لا اله الا الله) بۆ هەموو کەسێک نیە ، ئەمە بۆ کەسێک کە هەموو مەرجەکانی (لا اله الا الله)ی تێدا بێ واتا نابێ نەواقضی ئیمانی هەبێ ئەو کەسە .

وەدەبێ ئاگاداری ئایەتەکانیتریش بین کە اللە تعالی دەفەرمووی : ﴿يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ﴾[1] مەرجیش نیە اللە تعالی لەهەموو کەسێکیش خۆش بێ بەبێ تەوبە ، وە بەمەشیئەتی خۆیەتی اللە تعالی کەوا خۆش دەبێ یان خۆش نابێ ، بەڵام اللە تبارك وتعالى ئەم وەعدەی داوە کە تۆ داوای لێخۆشبوون بکەیت لێت خۆش دەبێ بەو مەرجانەی کە باسمان کرد .

پاشان دەفەرمووی ئیمامی ئەحمەد (رحمه الله) لە ئەیوبی ئەنصاریەوە (رەزا ورەحمەتی اللە تعالی لێ بێت) (أنه قال حين حضرته الوفاة)کاتێک ئەبو ئەیوب کاتی مردنی هات لەکاتی  مردنەکەیدا ئەم حەدیثەی گێرایەوە (: قد كنت كتمت منكم شيئا سمعته من رسول الله - صلى الله عليه وسلم -)فەرمووی: من شتێکم لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) بیستوە بەس لەئێوەم شاردبوویەوە و پێم نەوتون ،

بۆچی نەیوتوە ئەبو ئەیوب ؟ خۆتان ئەزانن هەندێک ئەحادیث هەیە ئەگەر تۆ ئاوەها لەلای هەندێک کەس هەیە کەتاوانبارە بەتایبەتی باسی بکا ئعتمادی ئەکاتە سەر و ئیتر واز لە عیبادات ئەهێنی ، لەبەر ئەوە لەم جۆرە حەدیثانە زانایان دەفەرموون : شاردنەوەی هەندێک عیلم لە هەندێک کەس نەک بەمانای ئەوە هەر بشارێتەوە بە هەتا هەتایی نەخێر ئەوەتا ئەبو ئەیوب باسی ئەکا .

دەفەرموی : (يقول :  " لولا أنكم تذنبون ، لخلق الله قوما يذنبون فيغفر لهم " .)پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویی : ئەگەر ئێوە تاوان نەکەن اللە تعالی لەناوتان ئەبات کەسانێک دروست بکا تاوان بکا و داوای لێخۆشبون لە اللە تعالی بکەن وە اللە تعالی لێ یان خۆشبێ .

جا ئەم جۆرە حەدیثانە فەزیلەتی ئیستغفاری تێدایە ، یانی کەس نێت بلێ والله ئاساییە بەکەیفی خۆمان تاوان بکەین چونکە شێوەی ئێمەوایە و عادەتی ئێمەی ئینسان وایە ئینسان تاوان دەکا هیچ ئیسانێک مەعصوم نیە جگە لەپێغەمبەران ،تۆ سەیری هەر کەسێک دەکەی إلا تاوانی خۆی هەیە لەنێوان خۆی و خوای لەنێوان خۆی و خەلکیدا ،

[1]:سورة الفتح اية :١٤

**بەڵام نابێ وەکو خەوایج بین خەلکی بەتاوانەکان کافر بکەین ، بەتاوانی کەبائیر خەلکی کافر بکەین نابێ ، نەک بەکوفر ، یانی کەسێک ئەلێ یا عبدالقادر و یا رسول الله تۆ بلێ ئەمە کافر بوو ئەوانیش بلێ تۆ دونیات لەرەحمەتی الله بێ هیوا کرد تۆچۆن خەلک کافر ئەکەی !!**

**نا کافر کردن مەرجی خۆیی هەیە ، کافر کردن بۆ ئەو حالەتانەی کەسەکە تێدا دەکەوێتەوە ناو کوفرەوە و تێدا ئەکەوێتە ناو شیرکەوە ئەوە ئەوکەسە کافر بوە و کافربویەتەوە ئەمەش کافر کردنی حەقی پێ دەلێن ، بەس کاتێک کە ئەکەوێتە ناو گوناهە گەورەکانەوە ئەوە زینایە و ئەوە قەتلە ئەوە چیە ،،، لەکەبائیرەکان ئەوە ناتوانی تۆ بەمە کەسەکە کافر بکەی مادەم بە حەلالی نەزانیوە ، بەلکو ئەمە خاوەنی کەبیرەیە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) خۆی دەفەرمووی : (شفاعتي لأهل الكبائر من أمتي)[1].**

**واتا ئاگاداربن بابەتی تەکفیر بابەتەکە بۆچی ئەگەرێتەوە ؟ کە لەلای سەلەف مەذمومە ئەوتەکفیرەیە کە غلوی تێدایە لەبۆ گوناهە گەورەکان ، یان بۆ ئەو واجباتانەی کە تەرک کردنی کوفر نیە چونکە هەموو واجباتێکیش کوفر نیە تەرک کردنی ، واجبات هەیە تەرک کردنی کوفرە وەکو نوێژ ، واتا ئەم حەدیثانە باسی فەزیلەتی ئیستغفارامان بۆ دەکا .**

**وە ئیستغفار پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) زۆری وتوە جاری وا لەبەرزی چەند سەت جاری (أستغفر الله )ێ کردوە ، وە لەدوای نوێژەکان ١٠٠ جار (أستغفر الله )ێ کردوە فەرمویەتی :** (رَبِّ اغْفِرْ لِي، وَتُبْ عَلَيَّ، إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الْغَفُورُ)[2] **١٠٠ جار ئەمەی وتوەتەوە لەبەیانیاندا لە زیکرەکانی بەیانیاندا ١٠٠ (أستغفر الله )ێ کردوە ،(أستغفر الله )لەسەر زاری بووە .**

---

[1]: رواه أبو داود والترمذي بسند صحيح
[2]: أبو داود، كتاب الوتر، باب في الاستغفار، برقم ١٥١٨

وە فەزیلەتی (ئیستغفار)ئەوەندە گەورەیە الله تعالی دەربارەی دەفەرموویی : (وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ)[١] بزانن ئیستغفار چەندێک گەورەیە ئەگەر ئینسان ئیستغفار بکا الله تعالی سزای نادا .

لێرەدا ناوی (الغفور )دەر دەکەوێ (الغفار)هەتاوەکو ئینسان گوناە نەکا غفار و غفور دەرناکەوێ دوو ناوی گەورەی الله تعالی ن کە گوناهەکە سەتر ئەکا و عقوبەی کەسەکەش نادا یانی حەیات نابا وەدوای ئەوە سزاشت نادا ئەوە مانای غفوریەتە الله تعالی بەهەموو موسلمانێکی ببەخشی .

ئیمامی إبن کثیر دەفەرموێ : لە ئیمامی ئەحمەدەوە لە إبن عەباسەوە (رەزا و رەحمەتی الله تعالی لێ بێت)دەفەرمووێ : پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : (كفارة الذنب الندامة)یانی :ئینسان کاتێک گوناهێک دەکا کەپەشیمان بوویەوە ئەو پەشیمانیە بۆخۆی تەوبەیە واتا بۆ خۆی پەشیمانی گەرانەوەیە بۆلای الله تعالی ، تۆ وتت پەشیمانم پەشیمانم لەو هەلەی کردومە ئەوە گەرانەوەیە بە ئیزنی الله تعالی ، (وقال رسول الله - صلى الله عليه وسلم - : " لو لم تذنبوا لجاء الله بقوم يذنبون ، فيغفر لهم)پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووێ : گەر تاوان نەکەن الله تعالی قومێک دەهێنێ ئەوانە گوناە بکەن وە الله تعالی لێیان خۆشبێ .

لەنێوان دوو کەسدا موقارەنە بکەین :

کەسێک تاوانی کردوە بەلام هەتا ئەمری زەلیلە لەبەر دەمی الله تعالی بەبەردەوام ئیستغفار دەکا و ئەگری و پارێتەوە ، کەسێکیش خۆی پاراستوە بەلام توشی عوجب بوە توشی غرور بوە ئەلێ : ئەوەندە ئیمانەکەم بەهێزە گوناهم نەکردوە کردبێتیشم کەمم کردوە یاخود ئەنازی طاعەتەکانی !! ئەم دووانە لەلای الله تعالی کامیان لەپێشترە ؟

---

[١]سورة الأنفال اية :٣٣

بێگومان ئەوەی کەوا خۆی ئەشکێنێتەوە و ئیستغفار و تەوبە دەکا چونکە الله تعالی کەسێکی خۆش ناوێی عوجبی تێدابێ ، لەبەر ئەوە ئاگاداربن بابەتی خۆ شکاندنەوە لەبەر دەمی الله تعالی یاخود تاوانێک کە کەسێک ئەیکات خۆ شکاندنەوەکەی لەبەر دەمی الله تعالی دا ئەوەندە الله تعالی پێی خۆشە لەم حەدیثانەدا ئەیان بینین ، ئەلێ : ئەگەر گوناە نەکەن لەناوتان ئەبات و کەسێک گوناە بکا و داوای لێخۆشبوون بکا ، چۆن داوای لێ خۆشبوون دەکەی تەبعەن بەگریان وبەپارانەوە بەو فەزائیلانەی لە قورئان و سونەت دا هاتووە ، نەک بەداخەوە وەکو ئێستا بەگۆرانی و مۆسیقاوە ئەبنین لەتەلەفزیۆنەکاندا بەگۆرانی و مۆسیقا داوای لێخۆشبوون لە الله تعالی دەکا واتا کردویەتی بەگۆرانی !! والعیاذ بالله .

حەدیثێکیترمان بۆ دەهینی ئیمام لە عبدالله کوری ئیمام ئەحمەدەوە (زەعیفە)ریوایەت دەکا لە عەلی کوری ئەبی طالبەوە (رەزاو رەحمەتی الله تعالی یان لێ بێت) دەفەرمووی : پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : (إن الله یحب العبد المفتن التواب) الله تعالی ئەو بەندەی خۆش دەوێی کەوا توشی گوناە و فیتنە بووە دوای تەوبە دەکا و دەگەرێتەوە . (ئەم حەدیثە صەحیح نیە ).

(إن الله یحب العبد المفتن التواب،، عن عبد الله بن عبید بن عمیر قال : إن إبلیس - علیه لعائن الله - قال : یا رب ، إنک أخرجتني من الجنة من أجل آدم)تەبعەن ئەمە ریوایەتەکەی باس ناکا بەڵام ئەگەر سەیری بکەین واتا سەنەدێکی وای نیە کەوا بوترێی کەوا صەحیح یان نا تاوەکو بزانین لەکوێی وە گوێراوەتەوە چونکە ئەم بابەتانە شتی غەیبین ئەبێ سەنەد لە پێغەمبەرەوە بێ (علیه الصلاة والسلام) یان لەئەهلی کیتابەوە ئەگەر هاتبێ ، دەفەرمووی : (إن إبلیس - علیه لعائن الله - قال : یا رب ، إنک أخرجتني من الجنة من أجل آدم ، وإني لا أستطیعه إلا بسلطانک .)منت دەرکرد لە بەهەشت لەبەر ئادەم منت دەرکرد چونکە منیش ناتوانم و دەسەلاتم نیە إلا مەگەر تۆ دەسەلاتم نەدەیتی .

(قال : فأنت مسلط .) دەفەرموی : تۆ دەسەلاتت هەبێ بەسەریان .ئەوە بوو دەسەلاتی بەسەر ئێمەدا پەیا کرد .

(قال : یا رب ، زدني .)دەفەرموی : دەی ئەی پەروەردگارم زیاتریشم بدەرێ .!

(قال : لا یولد له ولد إلا ولد لک مثله .)دەفەرمووی :هەر منداڵێکی ببێ تۆش وەکو ئەو منداڵت بێ ، چونکە ئەویش ذوریەتی هەیە .

تەبعەن لێرەدا هەندێک لە ئەهلی عیلم واباس دەکەن دەڵێن : شەیطان خۆی جنۆکەیە نەک باوکی جنۆکە بێ ئاگادارین یانی پێش شەیطان جنۆکە هەبوە ، واتا خۆی شەیطان جنۆکەیە واتا ئەو ئەصلی جنەکان نیە بەلکو ئەو فەردێکە لە ئەفرادەکانی جن ، بەڵام جنێکی کافر بوو لەبەر ئەوەی سەجدەی نەبرد هەتا ئەو کاتە موسلمان بوو دوای کافر بوو بەوەی کەوا ئەمری الله تعالی جێ بەجێ نەکرد .

الله تعالی دەفەرموی : (وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ السَّمُومِ)[1] الله تعالی جنی خەلق خەلق کردوە لەو ئاگرەی کە بۆتان باس کراوە لەقورئاندا ، کەواتە جان ، ئەوە باوکی جنەکانە کەلێوە دروست کراوە ئا لەوێوە موسلمان و کافریان هەیە ، بەڵام لە شەیطان ئەڵێن : تەنها کافر هەیە ، یانی ئەولادی شەیطان ذوریەتی شەیطان تەبعەن ژنی هەیە و ذوریەتی هەیە چونکە الله تعالی باسی کردوە ئەفەرموی : ئەویش ذوریەتی هەیە ، ذوریەتەکەی ئەڵێن : هەموی شەیاطینن (لا یولد له ولد إلا ولد لک مثله .)دەفەرموی : ئەوان چەن منداڵیان ببێ ئەتۆش ئەوەندە منداڵت ئەبێ !،

جا ئایە ئەمە زەوجەی هەیە یان زەوجەکەی هەیە یان خۆی لەناخی خۆیدا زاو زێ دەکا ، یان ئایا منداڵ دەبێ وەکو ئێمە بۆنمونە یان هێلکەی دەبێ ، لەحەدیث هاتووە کە شەیطان ئەچێتە بازار و هێلکە ئەکا ، ئینجا ئەمانە هەمووی لێگەرێ ئەو حەدیثانەی کەوا هاتوون سەبارەت بەم بابەتە بیدەینەوە دەستی الله تعالی باشترێکە هەندێک لە ئەهلی عیلم دەڵێن ذوریەتی شەیطان لەهێلکەوە ئەبێتە فەرخە شەیطان و بەچکە شەیطان .

---

[1]:سورة الحجر اية : ٢٧

(قال : يا رب ، زدني .)دەفەرموی : دەی ئەی پەروەردگارم زیاتریشم بدەرێی .!

(قال : أجعل صدورهم مساكن لكم)دەفەرمووی : سنگی ئینسانەكان ئەكەم بە منزلگای ئێوە ئێوە بچنە ناو سنگیانەوە (وتجرون منهم مجرى الدم .)لەخوێنیاندا بێن و برۆن .

(قال : يا رب ، زدني .)دەفەرموی : دەی ئەی پەروەردگارم زیاتریشم بدەرێی .! بۆ هیلاکی ئێمە !

(قال : أجلب عليهم بخيلك ورجلك ، وشاركهم في الأموال والأولاد ، وعدهم وما يعدهم الشيطان إلا غرورا .)دەفەرمووی : برۆ تێكەلیان بە یانی چۆن لەگەلیان تێكەل دەبێ تێكەل بە موشارەكەیان بكە لەمال و لەمندالیان ، هەتا لەمندال تۆ سەیری بكە لەكاتی جەت بوونی پیاو و ژن ئەبێ دوعایەک بكەن بۆ ئەوەی شەیطان لەخۆیان دووركەوێتەوە : خوایە شەیطانمان لێ دووربخەیتەوە وە شەیطان لەوەش دوورخەیتەوە كە پێمان دەبەخشی .( وعدهم وما يعدهم الشيطان إلا غرورا .)ئەوەنەیان ئاوات بەرێی و ئەوەنەیان هیواو ئەمەل بەرێی ، تەبعەن هیوا و ئەمەلەكانی شەیطان هەمووی غرورە .

(فقال آدم [ عليه السلام ] يا رب ، قد سلطته علي) ئادەم (عليه السلام) قسە ئەكا : خوایە تۆ ئەوت موسلەط كرد بەسەر مندا (وإني لا أمتنع [ منه ] إلا بك)منیش ناتوانم مەنعی ئەو بكەم إلا بەتۆ نەبێ .

(قال : لا يولد لك ولد إلا وكلت به من يحفظه من قرناء السوء .)دەفەرمووی :هیچ مندالێكت نابێ إلا من مەلائیكەی بۆ دەنێرم تاوەكو بیپارێزی لەشەیطان .

(قال : يا رب ، زدني .)دەفەرمووی : ئەی پەروەردگارم بۆم زیاد بكە .

(. قال : الحسنة عشر أو أزيد ، )دەفەرمووی: هەرچاكەیەک بكەن بۆتان ئەكەم بەدە یان زیاتریش (والسيئة واحدة أو أمحوها .)هەر خراپەیەک بكەن ئێوە یەكتان بۆ حیساب دەكەم یانیش ئەیسرمەوە .

(قال : يا رب ، زدني .)دەفەرمووی : ئەی پەروەردگارم بۆم زیاد بكە .

(قال : باب التوبة مفتوح ما كان الروح في الجسد .)دەفەرمووی : دەرگای تەوبەتان بۆ وا لا بێ هەتاوەکو رۆحتان لەجەستەدا بێ هەتا کاتی مردن هەر گوناهێکتان کرد من لێتان خۆش دەبم ئەگەر گەرانەوە .

ئەیسرمەوە .

(قال : یا رب ، زدني .)دەفەرمووی : ئەی پەروەردگارم بۆم زیاد بکە .

(. قال : قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)ئینجا ئایەتەکە ، إبن کثیر بۆیە ئەم ریوایەتە دەهێنێتەوە بۆ ئەم ئایەتە : ئەی بەندەکانم هیچتان بێی هیوا مەبن ئەوانەی کە زۆرترین گەورەترین گوناهتان کردوە و چەنێک ئصرافتان لەگوناە کردوە لەرەحمەتی الله تعالی بێ هیوا مەبن الله تبارک وتعالی لەگوناهەکان هەمووی خۆش دەبێ ، گوناە نیە الله تعالی خۆش نەبێ بەس بەمەرجێک!!

گوناە دەبێ بەدوو بەشەوە ئەوەی کوفر وشیرک و نیفاقە کوفر و نیفاقی گەورە ئەمانە بەبێ تەوبە الله تعالی لێ خۆش نابێ ، باس باقیتری کەبائیر ئەوە (تحت المشئەیە)یانی ئەگەربەبێ تەوبەش بگەرێتەوە بۆ لای الله تبارک وتعالی لەگوناهە گەورەکان رۆژی قیامەت الله تعالی گوناهەکان و چاکەکانت ئەکێشیێ ئەگەر چاکەکانت بەسەریدا زاڵ بو ئەوە تۆ ئەهلی بەهەشتی واتا تەوبەشی لێ نەکەی ، جا ئاگاداری ئەم ئایەتە بێ (إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ ۚ)[1] مەبەستی ئەمە(بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ) چیە یانی کەبائیرەکان ئەگەر تەوبەشت لێ نەکرد .

بەس ئەمە هاندان نیە بۆ ئەوەی کە ئینسان بۆخۆی کەبائیر بکا هەتا ئەمری ئەمە بۆ ئەوەیە جاری وایە ئینسان کەبائیر دەکا و ناگاتە بەتەوبە و ئەمری حوکمی ئەو کەسە چیە؟

وەکو خەواریج نالێن کافرە بەلکو دەلێن موحتەمەلە الله تعالی لێ خۆش بێ .

---

[1]:سورة النساء اية :٤٨

**كەواتە جیاوازی نیوان خەواریج و ئەهلی سونە چیە؟**

جیاوازییەكە ئەوەیە خەواریج دەڵێ : هەر گوناهێک بكەی تۆ كافری و ئەبێت یەكسەر تەوبە بكەیت الله تعالی لێت خۆش نابێت ، بەڵام ئەهلی سونە واناڵێن دەفەرموون : گوناهەكان دوو جۆرن شیرک و كوفر لەگەڵ نیفاقی أكبر ئەمانە تەوبە نەكەی الله تعالی لێت خۆش نابێ ، بەس گوناهە گەورەكان تەوبەش نەكەی موحتەمەلە الله تعالی لێت خۆش بێ وە موحتەمەلە سزات بدا لەسەر تاوانەكە (يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ ۚ)[1].

(وقال محمد بن إسحاق)تەبعەن ئەم محمدی كوری ئیسحاقە خاوەنی مغازی وەرگێرەوەی سیرەی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)ئەڵێ : (قال نافع : عن عبد الله بن عمير ، عن عمر - رضي الله عنه - في حديثه قال : وكنا نقول ما الله بقابل ممن افتتن صرفا ولا عدلا ولا توبة، عرفوا الله ثم رجعوا إلى الكفر لبلاء أصابهم .)ئەمە تەبعەن چیرۆكەكە زۆر دورو درێژە بەس إبن كثیر ئەمەندە دەهێنێ ، چیرۆكەكە باسی هیجرەتی ئیمامی عومەر (رەزا و رەحمەتی الله تعالی یان لێ بێت)دەكا،

ئیمامی عومەر (رەزا و رەحمەتی الله تعالی لێ بێ)باوە لەناو خەڵكیدا ریوایەتێكی زەعیف هەیە كەوا گوایە ئیمامی عومەر شمشێری هەڵكێشاوە و بەقورەیشی وتوە من هیجرەت دەكەم ! تەبعەن ئیمامی عومەر پێش پێغەمبەر رۆیشتوە (صلى الله عليه وسلم)چو بۆ مەدینە ، ریوایەتەكە دەڵێ شمشێری هەڵكێشا و بەقوریشی وت من ئەوە دەرۆم منەتان نەبێ كێش دێتە پێشەوە وا و وای لێ دەكەم !! منالی هەتیو دەخەم و ژنی بێ وەژن دەكەم ، تەبعەن ئەمە صەحیح نیە .

إبن كثیر ئەم ریوایەتە صەحیحەمان بۆ دەهێنێ كە بەصەحیحی هاتوە ئیمامی عومەر (رەزا و رەحمەتی الله تعالی لێ بێ)دەفەرمووێ : ئێمە لەكاتی خۆیدا كە هیجرەتمان كرد من و عیاشی كوری رەبیعە هەروەها لەگەڵ هیشامی كوری عاص ئەم سێ كەسە بووین وەعدمان دا پێكەوە لەمەككە بچینە دەرەوە ، بەڵام لەشوێنێک موعیدمان بێ هەرسێكمان

[1]:سورة الفتح اية :١٤

**لەوێدا کۆدەبینەوە ئینجا ئەڕۆین بۆ مەدینە ،کەواتە بەچیەوە ڕۆیشتوون ؟! بەنهێنیەوە ڕۆیشتوون بەئاشکرا نەڕۆیشتوون چونکە ئەمە ڕیوایەتە صەحیحەکەیە ، ئینجا ئەم ڕیوایەتە زەعیفەکە وای لەخەڵک کردوە زۆرجا کە گوێمان لێ دەبێ ئەڵێ پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بەنهێنی ڕۆیشت ، بەڵام عومەر بەئاشکرا ڕۆیشت ! یانی عومەر لە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئازاتر بووە !! ئەمە لێک ئەدرێتەوە ! بەس خۆی وانیە نەخێر بەڵکو ئیمامی عومەریش بەنهێنی ڕۆیشت ڕیوایەتەکەیتر زەعیفە .**

**ئەفەرمووی : کاتێک کە مەوعیدمان دانا ئەوە بوو یەکێکە لە هاوڕێکان کە هیشامی کوڕی عاصە نەهات ، لەبەر چی ؟ لەبەر ئەوەی گرتیان ، دەفەرمووی : ئێمە وتمان هەرسێکمان لە فلانە جێگا کۆدەبینەوە پێکەوە سەفەر دەکەین و پێکەوە هیجرەت دەکەین ، ئەوە بوو ئیمامی عومەر دەفەرمووی : من و هاوڕێکەم عیاش پێکەوە یەکتریمان گرتەوە بەڵام هیشام نەهات ئێمە دەرچوین و ڕۆیشتین چوین بۆ مەدینە ئەو لە مەککە مایەوە دواتر کە ئەچن بۆ مەدینە و ماوەیەک لەوێ دەبن هێشتان پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نەچۆتە مەدینە ئەبو جەهل یەکێکتر لەگەڵیدا دێت ئەبو جەهلی کوڕی هیشام و حارثی کوڕی هیشام هەر دووکیان لەبەر ئەوەی خزمایەتیان لەگەڵیدا هەیە دێن درۆیی بۆ دەکەن و دەڵێن دایکت زۆر زۆر دلی بەتۆ ئەسوتێی ئەبێ بێتەوە زۆر بێ تاقەتە و نانی نەخوارەوە دلی نەرم ئەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیبەنەوە ، تەبعەن مەبەستیان ئەوە نەبوو بەڵکو مەبەستیان بوو توشی فیتنەی بکەن ، ئیمامی عومەر زۆری پێوت مەڕۆ تۆ توشی فیتنە ئەبی تازە تۆ ڕزگارت بوو لەکوفردا هاتووی بۆ مەدینە بۆ دەگەڕێتەوە ، ئەویش وتی هەر ئەڕۆم عیاش لەبەر ئەوەی مالیشم هەیە ئەیهێنم و دایکیشم ڕازی ئەکەم و ئینجا دواتر ئەگەڕێمەوە !**

**ئیتر ئیمامی عومەر دەڵێ : زۆری لەگەڵدا خەریک بووم بەس بەقسەی نەکردم لەگەڵ ئەواندا ڕۆیشت ، تەبعەن کە لەگەڵ ئەواندا ڕۆیشت ئەوانیش لە ڕێگادا فێلیان لێکردبوو ئیمامی عومەر بۆخۆی حوشترێکی دابوو پێ وتی ئەگەر زانیت لەڕێگا شتێکیان لێ کردی گرتیتیان یان شتێکیان لێ کردی بەم حوشترە ئەتوانی بگەڕێتەوە بۆ مەدینە زۆر سەریع و باشە .**

له ڕێگا ئەبو جەهل پێ دەڵێ : حوشترەکەی من زۆر نا لەبار و خراپە ئەگەر لەگەڵ خۆتدا سوارم بکەی باشە ئەویش را ئەگرێت و لەگەڵ خۆی سواری دەکا ئەیگرن و دەست و پەلی ئەبەستنەوە و ئەیبەنەوە بۆ مەککە عیاشیان بەم شێوەیە لێ کرد ، تەبعەن هیشامیش ئەوە ئەو نەهاتوە هەر لەمەککەیە .

جا با بێینەوە سەر ئەوەی إبن کثیر هێناویەتی : ئەفەرمووی : (وکنا نقول ما الله بقابل ممن افتتن صرفا ولا عدلا ولا توبة)ئەمان وت ئەگەر کەسێک توشی فیتنە بوو لەدینەکەدا یانی رزگاری بێت و بێتە مەدینە دواتر بگەرێتەوە بۆ مەککە یان لەناو کافراندا بمێنێتەوە الله تعالى هیچ شتێکی لێ قبول ناکا بەم شێوەیەمان دەوت وامان دەوت کەوا ئەم گوناهە گەلێک گەورەیە بۆیە الله تعالى هیچ شتێکمان لێ قبول ناکا ! لەبەر چی ؟ (عرفوا الله ثم رجعوا إلى الکفر لبلاء أصابهم .)ئی تۆ خوات ناسی دواتر دەگەرێتەوە بۆ کوفر بۆچی ئەگەرێتەوە بۆ ناو ژینگەی کوفر !

(قال : وکانوا یقولون ذلک لأنفسهم .)دەفەرمووی : ئەوە بەنەفسی خۆمانمان دەوت !.

(قال : فلما قدم رسول الله - صلى الله علیه وسلم - المدینة ،)دەفەرموویی : بەس کە پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) هاتە مەدینە و هیجرەتی کرد (أنزل الله فیهم وفي قولنا وقولهم لأنفسهم) الله تعالى ئەم ئایەتانەی ناردە خوارەوە ئا لەم وتانەی کە ئێمە دەمان وت لەوان و لەقسەی ئێمە و لەقسەی خۆیان ئەم ئایەتانە هاتەخوارەوە (قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٥٣) وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ (٥٤) وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ (٥٥))[١]

کاتێک ئەم ئایەتانە هاتەخوارەوە (قال عمر ، رضي الله عنه : فکتبتها بیدي في صحیفة )بەدەستی خۆم نوسیمەوە چونکە خوێندەوار بوو نوسیمەوە لە وەرەقەیەکدا (وبعثت بها إلى هشام بن العاص)بۆ هیشامی نارد ئەوەی کەوا نەهات .

---

[١]:سورة الزمر

(قال : فقال هشام: لما أتتني جعلت أقرؤها بذي طوى أصعد بها فيه وأصوت ولا أفهمها)دەفەرمووی : هیشام فەرمووی : کاتێک کە کیتابەکەم بەدەست گەیشت لەعومەرەوە سەیری ئایەتەکانم ئەکرد ئەم هێناو ئەم برد تێی نەدەگەیشتم نەم دەزانی مەبەست لەئایەتەکە چیە (حتى قلت : اللهم أفهمنيها .) هەتاوەکو فەرمووم : ئەی پەروەردگام تێم بگەیەنە ئەم ئایەتانە چ مەبەستێکی هەیە.

(قال : فألقى الله في قلبي أنها إنما أنزلت فينا)الله تعالى خستیە دلم کە لەئێمەدا هاتووە ئەم ئایەتانە بۆئێمە هاتوە چونکە ئەو قسانەمان دەوت کەوا الله تعالى هیچمان لێ قبول ناکا (وفيما كنا نقول في أنفسنا ، ويقال فينا .) خۆمان چیمان بەخۆمان دەوت خەلکیش چی پێ دەوتین (فرجعت إلى بعيري فجلست عليه، فلحقت برسول الله - صلى الله عليه وسلم - بالمدينة .)سوار حوشترەکەم بووم و چوم بۆ مەدینە و هیجرەتم کرد وتم مادەم الله تعالى لەهەموو گوناهێک خۆش دەبێ چۆن ناچم ئیتر رۆیشت بۆ مەدینەی بۆلای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).

ئێستا چیرۆکەکە تەواو بوو ئەمەی کە إبن كثير باسی کرد

(وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ (٥٤))

إبن كثير دەفەرمووی :

(ثم استحث [ سبحانه ] وتعالى عباده إلى المسارعة إلى التوبة )الله تعالى بەندەکانی هان دەدا زوو پەلە بکەن تاوەکو تەوبە بکەن ، تەوبە یانی (الرجوع إلى الحق) (الرجوع من ذنب إلى طاع)(من الكفر إلى الايمان)(من البدع إلى السنه)لەهەموو ئەوشتانەی دژی ئەوانەی کە باسمان کرد لەو خراپانە بگەرێنەوە بۆ چاکەکان .

(، فقال : وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ)( أَنِيبُوا)یانی بگەرێنەوە (وَأَسْلِمُوا لَهُ)یانی تەسلیمی وەجهی خۆتان بکەن بۆ الله تعالى .

ئیسلام بریتیه (هو الاستسلام لله بالتوحید والانقیاد له بالطاعة والبراءة من الشرك وأهله .)

والله ئەوەی ئەمە جێ بەجێ نەكات نەهاتۆتە ناو دائیرەی ئیسلامەوە بەحەقیقی ، جا حیسابی ئەم خەلكە بكەن ئێستا چەن كەس هەیە كەوا تەسلیم بووە بە تەوحید یانی شیرك ناكات ، ئێستا چەن كەس هەیە لەعالەمی ئیسلامی ئەی نالێن (یا عبدالقادر و یا رسول الله و یا بدوی و یا فلان )چەند زۆر وەدەلێن و چەند وەنالێن !؟ چەند كەس باوەری بە شیخ و مەشایخ هەیە و هاوار و إستغاثەیان بۆ دەكا ؟! ئەوانە هەموویان موشریكن ئەوەی ئەمە بكا باش ئاگاداربن جا یان ئەزانی یاخود نازانی ، ئەگەر نازانی وتمان ئەگەر پێ نەگەیشتبێ ئەوە معذب نابێ لە قیامەت ، وەلەو ئێستا حالین ئەوەش ئەكرێت بە دوو بەشەوە :

یەكەمیان : ئەلێن ئەو كەسەی كەوا هەولی دابێ كەوا لەحەقائیقی تەوحید تێ بگا ئەوە معذورە .

دووەمیان: ئەوەی كەوا هەولی نەداوە لێ تێ بگا و هیچی نەكردوە ئەمە معذور نیە .

بەلأم چۆن معذورە ئەوەی یەكەم ؟! واتا تاقی دەكرێتەوە لەرۆژی قیامەت ئەما ناوەكەی هەر موشریكە .

ئەوانەشی كەوا زانیویانە ئەمە هیچ .

(وَأَسْلِمُوا لَهُ)ئێنجا گەر ئێمە لەم ئایەتە بكۆلینەوە چەن كەس تەسلیم بووە بەو پێناسەی كەوا كردمان بۆ ئیسلام ، و خۆی دور خستۆتەوە لە عیبادەتی غەیری الله تعالی لەعیبادەتی ئینسانە مردووەكان و لەعیبادەتی ئینسانە زیندووەكان وە لەرێبازە مردووەكان و لەرێبازە زیندووەكان هەردووكی واتا .

لەبەر ئەوە بەلاتانەوە سەیر نەبێ كەسیك كە بوو بەعەلمانی زانایان پێ دەلێن : تۆ بویت كافر و مورتد بوویەوە پێتان سەیر نەبێ چونكە ئەو دەلێ : من بەس دونیام دەوێ و ئاخیرەتم ناوێ ئیتر خۆی وا دەلێ من نامەوێ ئیتر بۆ پێت سەیرە ئەمە كافر بێ !

کەسێک دەڵێ من خوا وپێغەمبەرم ناوێ و قورئان و قیامەتم ناوێ من بەس دونیام دەوێ !! ئیتر تۆ بۆ دیفاعی لێ دەکەی تۆ بۆ دەبیت بە محامی ئەم کەسە ! ئەمڕۆ مەحامیمان زۆرە لە ئەبو جەهلەکان .

جا زۆر کەس پرسیار ئەکات و ئەڵێ عەلمانیەت کوفرە ؟

ئەڵێم : خۆی وا ئەڵێ من وەناڵێم ئەو ئەڵێ بروام نیە ، ئینجا زانایان دەفەرموون : إبن عثيمين دەفەرمووی : لە شەرحی بخاریدا ئەڵێ : نوێژ بکا و زەکات بدا و ڕۆژ و بگری و حەج بکات و عومرە بکات هەر کافرە کەسی عەلمانی .

لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ بەلای خەلکەوە زۆر سەیرە ئەوەیە ئەڵێن ئەو دەڵێ : (لا اله الا الله)! ئی ئەو شێخە دەڵێ : نوێژیش بکا و حەج و زەکاتیش بکا و بدا عومرە بکات و بەرۆژووش بێ هەر کافرە ئەم کەسە ، چونکە ئەم کەسە نەواقضی ئیسلامی هەیە .

ئەبێ ئەم نەواقضانە بخوێنرێ و لەبەر بکرێ و جێ بەجێ بکرێ لەسەر خۆمان با بابەتەکان هەر نوسین نەبێ لەسەر وەرەقەکان با قورئانی پیرۆز تەنها نوسین نەبێ لەناو قورئانەکەدا بەلکو با بیکەین واقیعی خۆمان الله تعالى دەفەرمووی : (إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ)[1] الله تعالى وتی خۆش دەبم لە شیرک ؟ نەخێر ، ئەی تۆ چۆن دێی دیفاع موشریکین ئەکەی ؟! ئادەی بەچ ئایەتێک دیفاع دەکەی ؟! یەک ئایەتم بۆ بێنە بلێ ئەو کەسەی کەوا نەزانی من لێ خۆش دەبم !؟ .

لەوانەیە بێن بلێن الله تعالى فەرموویەتی : (يَوَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا)[2] ئێمەش ئەڵێن وایە الله تعالى سزای نادا ئەگەر نەزانی بەس ناڵێ موشریک نیە ، (أشرك) ، ئینجا ئەوە ئایا الله تعالى سزای ئەدا یان نا ئەگەر زانیبێتی یان مەجالی زانینی هەبووبێ و نەیکردبێ ئەوە معذب عليه ئەو کەسە معذور نیە ئەم خالانە زۆر گرینگن .

پاشان ئەڵێ إبن كثير : (أي : ارجعوا إلى الله واستسلموا له)

---

[1]:سورة النساء اية :٤٨
[2]:سورة الإسراء اية :١٥

با سەیری کەلیمەی (استسلام)سەیر بکەین کەسێک خۆی تەسلیم بکا بە الله تعالی خۆی تەسلیم ئەکا بەکەسیتر ؟! یانی ئێوە سەیری شەڕێک بکەن ، لەشەڕێکدا دوو هێز شەڕ ئەکەن یەک لە چەکدارەکانی ئەم هێزە خۆی تەسلیم بەوانیتر دەکا کە خۆی تەسلیم کرد یانی چیی ؟ یانی هیچی بەدەستەوە ماوە ؟نەفسی خۆشی بەدەستەوە نەماوە بەرامبەر بەلایەکیتر خۆی تەسلیم کردوە ، ئەتوانی لەلای ئەوان قسەی زیادە بکا و بلێ وا وا و لەگەڵ فلان دەبم و لەگەڵ فلانیش دەبم !؟ ناتوانی یانی تەسلیم بوو هەموو شتێکی تەسلیم بەوان کرد .

تۆش ئەڵێ : تەسلیم بە الله تعالی بووم ئەی کەوا تەسلیم بوونت بە الله تعالی تۆ تەسلیم بە علمانیەت و تەسلیم بە یارسول الله بووی و تەسلیم بە شیوعیەت بووی تەسلیم بەو شیرکیات و کوفریاتە بووی کە ئەمڕۆ دەکرێ .

(قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ)پێش ئەوەی عەزاب بێت کەسیش نیە سەرت بخا ئەوە هەڕەشەیەکی گەورەی الله تعالی یە بۆ هەموومان ئاگاداربن و زوو بگەڕێنەوە پێش ئەوەی عەزاب بێت (بادروا بالتوبة والعمل الصالح قبل حلول النقمة )پێش ئەوەی عەزابەکە بێت بگەڕێرەوە.

کەواتە الله تعالی بەرەحمە یاخود نا ؟! بەلی بەرەحمە . یانی لە ئەسنایی مردندا ئیتر هیچ لێ قبول ناکرێ ئەگەر نەگەڕێیتەوە وەکو فیرعەون .

ئێوە سەیری فیرعەون بکەن ؟ چی نەکرد ئەم کەسە ! وە چێ نەوت هەرچی مندال بوایە ئەیکوشت (يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ ۚ)[1] لەمنداڵەکانیان کورەکانیان ئەکوشت و ئافرەتەکانیشیان ئەهێشتەوە ، ئەویش بۆچی ئەیان هێشتەوە ؟ بۆ زەلیل کردن ، ئەو هەموو ساڵە پێش لەدایک بوونی پێغەمبەر موسا (علیه السلام) ئەم کارە دەکا لەکاتی ئەویشدا بەردەوام دەبێ ئەمە هەر کاریەتی ، پاشانیش ئەڵێ من خوای گەورەی ئێوەم ! ئەڵێ لەمن گەورەتر نیە، کەچی ئەوکاتەی کە ئەمری هەتا ئەو کاتە مەجالی هەیە بەس ئەو کاتەی وتی ئیمانم هەیە کە کاتی غرغرەی مردنی بوو الله تعالی وتی :(

[1]:سورة البقرة اية :٤٩

(آلْآنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ)[1] ئێستا کاتی نیه ، یانی ئەگەر پێشتر بتکردبایه الله تعالی لێ قبول دەکردی ، بزانه ئەو هەموو گوناهە .!

لەبەر ئەوە گوناه لەلایەن الله تعالی وە بەم شێوەیەیە ، چەنێک بیکەیت مادەم مردن بۆت نەهاتبێ ئەمە رەحمەتی الله تعالی نیه !؟ ئینجا کێ لەخەلکی ئەمە لەخەلکی بێ هیوا بکات زۆر کێشەیە ، ئەو کەسەی کەوا خەلکی رەحمەتی الله تعالی بێ هیوا دەکات ئەوەی کەباسمان کرد کە بریتیە لە تەوبە کردن ، نەک کابرا موشریک بێت و بەموشریکی بڕوات ، هەتا مردن بە موشریکی بڕوات و تۆش دواتر بلێ وەرە تەعەزیەی بۆ دەگرین و شیوعی و بڕوای بە الله تعالی نیە ئەچن تەعزییەی بۆ ئەگرن لەمزگەوت دا ئەنیشن و ئەلێن (الفاتح)ئەمە گالتە کردن نیە بەخۆت ئەی مەلا !؟ مەلا تۆ گالتە بەدینەکەی خۆت دەکەی !؟ گالتە بەئیمانەکەی خۆت دەکەی !؟ وە گالتە بەمەبدەئەکەی خۆت ئەکەی !؟

ئەو دەلێ بڕوام بە خوا نیە کەچی مەلا دەلێ خوا لێ خۆش بێ !! لەکاتێکدا ئەبو طالب رێزیشی لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەنا وە پارێزگاریشی لێ دەکرد ئینجا الله تعالی بەپێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم)ی وت : بۆت نیە داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەیت !! .

(وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ (٥٥))

إبن کثير دەفەرمووی :

(وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم) وهو القرآن العظيم)قورئان هەمووی ئەحسەنە هەر هەمووی ، ئەو قورئانە پیرۆزەیە ئێوە شوێن ئەم قورئانە بکەون ()وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ

[1] سورة يونس اية :٩١

مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم)یانی شوێن چی مەکەون ؟! غەیری قورئان مەکەون ، شوێن غەیری قورئان و سونەتی صەحیح مەکەون ، شوێن رەئی و بۆچونی ئینسانەکان مەکەون .

لێرەدا تێبنیەکتان ئەدەمی : وەلەو ئەمە ئەبێ تێبگەیت بۆ ئەوەی شتەکە بەهەلە نەگێردرێتەوە ، ئایا کافرانی زەمانی پێشو کە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) ئەهاتن ئەیانوت چی ؟ قسەی خەلکیان وەرئەگرت ؟! ئەیانوت (فَقَالُوا أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا)[1]یانی کافرەکانی زەمانی زوو بەدرێژایی تاریخ ئەیانوت چۆن ئەبێ ئینسانێک هیدایەتی ئێمە بدا ؟!  تەبعەن ئەم قسەیە بۆیە ئەیان کرد ئەیانویست رەد لە پێغەمبەرەکان بدەنەوە چونکە پێغەمبەرەکان ئینسانن تەبعەن ، ئەیانوت نابێ ئەبێ مەلائیکە بێ و خوا مەلائیکە دابەزێنێ پێمان بلێ ! یان دەرگای ئاسمانمان بۆ بکاتەوە بچین خوا ببینین قسەی زۆریتریان ئەکرد ،،،!

تەبعەن ئەمە کوفر بوو، بەلاّم تۆ سەیری عەقلیەتیەکە بکە ئەمەی ئەمرۆ تەنانەت عەقلیەتی ئەم کافرانەی کۆنیشیان نیە ، دێن ئینسانێک دائەنێن و شوێن رێگاکەی ئەو دەکەون و شوێن رێگای الله تعالی ناکەون کافرە کۆنەکان ئەیانوت (أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا)[2]کەچی ئەمانەی ئێستا ئەلێن : ئەبێ شوێن ئینسان بکەوین بەس کام بەشەر ؟! ئەوەی کە بۆخۆیان هەلی دەبژێرن ، تێگەیشتن لە بابەتەکە چیە ؟! یانی ئەمان لەم کافرە کۆنانەش بێ عەقلتریشن ئەوانەی کەوا شوێن بەشەر و دەستوری ئینسانەکان دەکەون ، چونکە تۆ ئینسانی تۆ وەکو من وایت تۆ بۆ ئەبێ شتێک بلێت و بەسەر مندا بیسەپێنی ، ناواللە نە ئی تۆم ئەوێ نەئی ئەویتر تەنها ئی الله تعالی م دەوێ ، الله تعالی دەفەرمووی : (وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم)شوێن ئەوە بکەون کە لەلایەن الله تعالی وە بۆتان هاتووە .

(مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ)نەکا لەناکاو عەزابی الله تعالی بێت و ئێوە هەست بەخۆشتان ناکەن کاتێک عەزابەکە دێت نەفرای وەسیەت و تەوبە دەکەوی نەفریای هیچ شتێکیتر دەکەویی تاوەکو ئەنجامی بدەیت .

---

[1]: سورة التغابن اية : ٦
[2]: سورة التغابن اية : ٦

کەسێک مرد بەسەرەتان ئەو رەئیس ولاتی شیوعیەکەی [1] عەمەلیاتی بۆ بکە و رزگاری بکە و وای بۆ بکە ئەلێن سەرۆکی ئیرانی چوە بۆ لای بۆ ناشتنەکەی رافیزە ئەچی بۆ لای شیوعی !! چونکە لەیەکەوە زۆر نزیکن ئەوە دین و ئیمانەکەیانە ئەوە حالەتەکەیە کە ئەیبینین دەلێن خوا نیە کەچی ئەچن بۆلای ناشتنەکەی ، ئەمە چی لێ بەسەرهات عالمێکی هێنا و بردی چەندین جار هەلبژێردرایەوە والله هەزارجاریش هەلتبژێرنەوە هەر ئەبێت بمری بەسەرەطان بێ و بەجەلتە بێ بەهەرشتێک بێ هەتا لەناکاویش بێ نازانی پارویێک نان ئەخۆیت و لەقورگت گیر دەبێ .

الله تعالی دەفەرمووی : (وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ) نازانی چۆن ئەرۆیی ، والله ی مردن یەک لەحزەیە بەسەر هەمووماندا دێت جا هەموو کەسێک لەم لەحزەیەوە هەموومان با تەوبە بکەین لە هەمو کەبائیر و صەغائیرەکانمان یا الله داوای لێبودرن و لێخۆشبوونت لێ دەکەین هەرچی گوناهێک لەدل و زمان و چاوماندا بوە لەقاچ و لەدەست و لەجێ شەرماندا بووە یا الله داوای لێبوردنت لێ دەکەین یاالله لێمان خۆشبە یا الله وامان لێ بکە نەگەرێنەوە سەری ،بەبەردەوامی خەریکی ئیستغفار و تەوبە بین بەتایبەتی لە نیوەی شەودا بەتایبەتی لە ثلثی ئاخیردا .

(أي : من حيث لا تعلمون ولا تشعرون .).

((أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَا حَسْرَتَا عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ (٥٦)))

إبن كثير دەفەرمووی :

((ثم قال : (أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَا حَسْرَتَا عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ) یانی بۆ ئەوەی کەسێک نەلێ لەرۆژی قیامەت بلێ چیم کرد لەبەرامبەر طاعەتی الله تعالی.

---

[1]: هوغو تشافيز الرئيس السابق لفنزويلا الذي يناهز عن العمر ٥٨ سنة في يوم الثلاثاء ٥ مارس ٢٠١٣ بعد صراع مرير مع مرض السرطان.

ئاگاداربن کەلیمەی (جَنبِ)لێرەدا زۆر گرینگە ئێمە تی بگەین ! ئایە ئەم کەلیمەیە بەسیفەتی الله تعالى دائەنرێ ؟! چونکە دراوەتە پاڵ الله تعالى ئایا هەرشتێک کە درایە پاڵ الله تعالى ئەبێ بەسیفەتی الله تعالى ؟ نەخێر ئەوشتانەی ئەدرێتە پاڵ الله تعالى لەسەر دووبەشە :

یەکەم : یان سیفاتی الله تعالى یە .

دووەم : یاخود مخلوقاتی الله تعالى یە.

ئێستا نمونە تۆ دەڵێ (نَاقَةُ اللَّهِ)[1] یان (بيت الله)(خلق الله)ئایا ئەوانە سیفەتی الله تعالى ن ؟! بەتەئەکید نەخێر بەلکو ئەوانە خەلقن بەس کە ئەڵی : (يدالله ) یان (وجه الله)ئەمانە سیفەتی الله تعالى ن .

ئایا کەلمیە (جنب)کامیانە ؟ تەبعەن بەتەئەکید لە ئەهلی سونە و جەماعە لەکیتابی صيفات الله عز وجل الوارد فى الكتاب و السنه بۆمان باس دەکا کەلیمەی (جنب) خۆی یانی تەنیشت ، بەس ئایا یانی تەنیشتی الله تعالى؟! بەهەلە تێ مەگەن لێرە ئەم مەقالە دەهێنین (جعل بعضهم (الجنب) صفة من صفات الله الذاتية ، وهذا خطأ)هەندێک هەن کەلیمەی (الجنب)یان کردوە بە سیفەتی الله تعالى سیفاتی زاتی تەبعەن ئەمە هەڵەیە ، سیفاتی الله تعالى لەسەر دوو بەشە سیفاتی زاتی و فعلیمان هەیە ،ئەڵێ هەندێک ئەڵێن لە سیفاتی زاتیە ئەمە هەڵەیە ئەم قسەیە (والسلف على خلاف ذلک)سەلەفی صالح رەحمەتی الله تعالى یان لێ بێت لەسەر پێچەوانەی ئەم بۆچونەن (ومن هؤلاء الذين أثبتوا هذه الصفة )ئەوانەی کە ئەم سیفەتەیان ثابت کردوە سەیری کەن کێین ؟ (صديق حسن خان في كتابه ((قطف الثمر))ئەوە یەکێکە لەزانایانی بەرێز بەڵام کەوتۆتە هەڵەوە لەم بارەیەوە ، جا ئەگەر ئەم کیتابەتان بینی ئەو بابەتەی تێدا باس کرابوو بڵێن (أخطء رحمه الله)( والذين أثبتوا هذه الصفة يستدلون بقوله تعالى : (أَنْ تَقُولَ نَفْسٌ يَاحَسْرَتَا عَلَى مَا فَرَّطْتُ فِي جَنْبِ اللهِ) ئەوەی کە سیفەتی (جنب)یانی تەنیشت بۆ الله تعالى دائەنێن ئیستدلالیان بەم ئایەتە کردوە .

---

[1]:سورة هود اية :٦٤

(يقول ابن جرير عند تفسير هذه الاية ) لەتەفسيرى ئەم ئايەتە چی دەڵێ و لەم ئايەتەدا چی باس دەكا (وقوله : (عَلَى مَا فَرَّطْتُ فِي جَنْبِ اللَّهِ( ؛ يقول : على ما ضيعت من العمل بما أمرني الله به ،)يانى ئەو عيبادەت و طاعەتەی كەلەدەست دا لەوەی كە الله تعالى ئەمرى پێكردم بيكەم ئەوەيە ماناى ئايەتەكە ()، وقصرت في الدنيا في طاعة الله).

(وقال الدارمي في ((رده على المريسي)) (ص ١٨٤) : ((وادعى المعارض أيضاً زورا على قوم أنهم يقولون في تفسير قول الله : ( يَاحَسْرَتَا عَلَى مَا فَرَّطْتُ فِي جَنْبِ اللهِ(؛ قال : يعنون بذلك الجنب الذي هو العضو)رەد ئەداتەوە لەوانەی كەوا دەڵێن جنب يانی عضو لاتەنيشەتەيە ! (وليس على ما يتوهمونه.)نەخێر وانيە ئێوە بەهەڵەدا چوون .

(فيقال لهذا المعارض : ما أرخص الكذب عندك،)درۆ چەند هەرزانە لەلای تۆ (وأخفه على لسانك)چەند سەهل و ئاسانە لەسەر زمانت (فإن كنت صادقا في دعواك)ئەگەر راست دەكەی (جنب)يانى تەنيشتى خوا !! (فأشر بها إلى أحد من بني آدم قاله)ئادەی بزانم يەكێك لەسەلەفى صالح وای وتبێت ؟! (فلم تشنع بالكذب على قوم هم أعلم بهذا التفسير منك ، وأبصر بتأويل كتاب الله منك ومن إمامك ؟! .،

إنما تفسيرها عندهم : تحسر الكفار على ما فرطوا في الإيمان) تەفسيرەكەی لەلای سەلەف ئەوەيە كە ئەوان پەشيمانن وتوشى نەدامەت بوون لەوەی كەوا عيبادەتيان بۆ الله تعالى نەكرد ئەمە ماناكەيەتى

(والفضائل التي تدعو إلى ذات الله تعالى ، واختاروا عليها الكفر والسخرية بأولياء الله)هاتون كوفرو گاڵتە جاريان هەڵبژاردوە گاڵتە و إستهزاكردن بە عيبادەتى الله تعالى يان هەڵبژاردوە لەوەی كە طاعەتى الله تعالى بكەن ، ئەها گاڵتەمان پێ دەكەن ئەمرۆ؟! چۆن گاڵتە بەموسلمانان دەكەن بەريش و بەجل و بەرگيان ئەكەن بەئيمان و دينيان ئەكەن پێمان ئەڵێن رجعى و كۆنە پەرست پێمان پێ ئەكەنن ئائەوەيە كە الله تعالى باسى دەكا .

جا ئەلێ من خۆزگە وام نەكردبایە (فسماهم الساخرين)الله تعالى ناويان دەبا بەوەی كەوا ئەوانە گاڵتە ئەكەن و ئیستهزاء ئەكەن (فهذا تفسير (الجنب) عندهم ، فمن أنبأك أنهم قالوا : جنب من الجنوب ؟!)كێ پێ وتن : لایەكە لەلایەكان ؟! (فإنه [لا] يجهل هذا المعنى كثير من عوام المسلمين ، فضلا عن علمائهم))أهـ.)لەبەر ئەوەی زۆربەی موسلمانان لەنەخوێندەوارانیش لێ بێ ئاگان چ جای علماكانی .

(ويقول شيخ الإسلام)ئیمامی إبن تيميه دەفەرمووی : (...لا يعرف عالم مشهور عند المسلمين ، ولا طائفة مشهورة من طوائف المسلمين ، أثبتوا لله جنبا نظير جنب الإنسان)نەناسراوە و نەزانراوە زانایەكی مشهور لە زانایانی موسلمانان یان كۆمەڵەیەكی مشهور لەموسلمانان ئثباتی سیفەتی جنب بكەن لاتەنیشت بۆ الله تعالى ، (وهذا اللفظ جاء في القرآن في قوله : (أَنْ تَقُولَ نَفْسٌ يَاحَسْرَتَا عَلَى مَا فَرَّطْتُ فِي جَنْبِ اللهِ( (الزمر:٥٦) فليس في مجرد الإضافة ما يستلزم أن يكون المضاف إلى الله صفة له)ئەگەر شتێك درایە پاڵ الله تعالى ئەمە مانای ئەوە نیە كەوا سیفەتی الله تعالى یە باش ئاگاداربن وەك وتمان بەسەر دوو بەشە هەیە سیفەتە هەشە مخلوقە (بل قد يضاف إليه من الأعيان المخلوقة وصفاتها القائمة بها ما ليس بصفة له باتفاق الخلق) یانی شت ئەدرێتە پاڵ الله تعالى بە ئیتفاقی هەموو زانایان ئەوە سیفەتی الله تعالى نیە وەكو ((بَيْت الله( ، (نَاقَة الله( ، و(عِبَاد الله( ، بل وكذلك (رُوح الله()[1].

شێخ علوی كوری عبدالقادر دەفەرمووی :(وفي القرآن ما يبين أنه ليس المراد بالجنب ما هو نظير جنب الإنسان )قورئانیش دا هاتووە كەلیمەی (جنب) مەبەستی پێی جنبی ئینسان نیە (؛ فإنه قال : (أَنْ تَقُولَ نَفْسٌ يَاحَسْرَتَا عَلَى مَا فَرَّطْتُ فِي جَنْبِ اللهِ( ، والتفريط ليس في شيء من صفات الله عز وجل ، والإنسان إذ قال : فلان قد فرط في جنب فلان أو جانبه ؛ لا يريد به أن التفريط وقع في شيء من نفس ذلك الشخص ، بل يريد به أنه فرط في جهته وفي حقه.) ئەگەر تۆ بلێ بۆنموونە من لەجنبی تۆ دا مقصیر بووم مەبەستی ئەوە نیە تۆ مقصیر بووی بەڵكو یانی لەحەقی تۆدا مقصیر بووم ، وەكو

[1]: الجواب الصحيح)) (٣/١٤٥ ، ١٤٦ )

دەلێ لەئاستی الله تعالى دا و لەحەق و طاعەتی الله تعالى دا موقصیر بووە . ئەوە ماناکەیەتی .

وە دەفەرمووی : إبن الجوزی پێنج مانای نەقل کردوە بۆ کەلیمەی (جَنْبِ اللهِ)دەفەرموی : (طاعة الله ، وحق الله ، وأمر الله ، وذكر الله ، وقرب الله.)[1].

إبن كثير دەفەرمووی : (أي : يوم القيامة يتحسر المجرم المفرط في التوبة والإنابة)یانی کافرێک کەوا موقەصیر بووە ئەو موجریمەی کەوا موقصیر بووە هەرکەسێکیش کەوا موقصیر بووبێ (يتحسر المجرم المفرط في التوبة والإنابة)چ کافربێ چ موسلمانێکی موقصیر بووبێ ئەوە تووشی نەدامەت و حەسرەت و پەشیمانێکی زۆر دەبێ (ويود لو كان من المحسنين المخلصين المطيعين لله - عز وجل. - ) ئەلێن : خۆزگایە ئینسانێکی بەطاعەت بوومایە خۆزگا ئینسانێک بوومایە ئیطاعەی الله تبارک وتعالى م کردبایە ، بەس ئەو کاتە خۆزگە هیچ سودێکی نیە .

جا الله تعالى پێت دەفەرمووی : پێش ئەوەی ئەمرۆژە بێت تۆ خەمی خۆت بخۆ .

وقوله : (وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ) أي : إنما كان عملي في الدنيا عمل ساخر مستهزئ غير موقن مصدق .) من گالتەم بە خەلکی و بەموسلمانان ئەکرد الله تعالى دەفەرمووی : (إِنَّ الَّذِينَ أَجْرَمُوا كَانُوا مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا يَضْحَكُونَ (٢٩) وَإِذَا مَرُّوا بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ (٣٠) وَإِذَا انقَلَبُوا إِلَىٰ أَهْلِهِمُ انقَلَبُوا فَكِهِينَ (٣١) وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوا إِنَّ هَٰؤُلَاءِ لَضَالُّونَ (٣٢))[2] پێمان ئەلێ : بەخوا ئەمانە سەر لێشێواونن ! .

ئێنجا ئەمانە لەناو ئایەتدا هاتووە ، ئایا خەلک هەیە ئەمرۆ وابلێ یاخود وانەلێ !؟بەتەئەکید زۆریش هەیە وادەلێ لەبەر ئەوە تۆ گوێی مەدەرێ ناخۆشیەتی ئەم رێگەیە نەتگرێ ئەمەش قیامەتەکەی ئەمانە ئاوهایان بەسەر دێ ، ئەمەش خۆراگری دەوێ بەراستی ئەمرۆ کەسانی موسلمان نەفسیەتیان نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی خۆیان بگرن بەرامبەر بەتانە لێدان و بەرامبەر بە لێدان و بەرامبەر بە تەعلیقیش هەتاوەکو نەک لێدان ! پێ دەلێ : بۆ ریشت ناهێلیتەوە ؟ ئەلی: کاکە والله خەلک تەعلیق و توانجم لێ

---

[1]: في ((زاد المسير)) عند تفسير الآية
[2]:سورة المطففين

**ئەدا ! بزانن لەبەر توانجێک خۆی وەکو ئینسانێکی لە جل و بەرگ و قسە کردن و هەلسوکەوتدا وەکو پێغەمبەر لێ ناکەی ؟! ئەلێ بلیم چی ئەگەر شوێن ئەورووپی و ئەمریکاییەکان نەکەوین ئەوا بەئینسانت نازانن و بە موسەقەفت نازانن ! پێ دەلێ کاکە بۆ جلێکی بەرفراوان و رێک و پێک لەبەر ناکەی ؟! بۆ جلی ئەمریکا و ئەورووپا لەبەر دەکەی ؟! بۆ زمانی ئەوان هەلدەبژێریی ؟ ئەلێن : کاکە تۆ چی ئەزانی ؟! ئەلی : ئینگلیزی ئەزانم !! ئەی عەرەبی ؟! والله کاکە با ئینگلیزییەکەم باشکەم دەعوەی پێی دەکەم !! ئی تۆ عەرەبی نازانی دەعوە بەچی دەکەی !! پێ ئەلێم جزء عم ت لەبەرە ؟! ئەلی : نا !، ئی کاکە لەپێش هەموو شتێکەوە تۆ دەبێ جاری دینەکەت فێر بی ئەمرۆ گەورەترین بەربەست لەبەردەمی ئیسلامدا کە یەکێکە لە گەورەترین بەربەستەکانی ئیسلام دوورخستنەوە زمانی عەرەبی و ناشرین کردنی زمانی عەرەبی لەبەر ئەوەی تاوەکو قورئان فرێی بدرێ . زەردەشتیەتمان بۆ زیندوو دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئیسلام بەتەواوی نەمێنی ئەمە کوفرێکی بەواح نیە ؟! مەقەری زەردەشتیەکان لە سلێمانی کرایەوە هەتا ئاخیری ،،،**

﴿أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ اللَّهَ هَدَانِي لَكُنتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (٥٧) أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (٥٨)

**إبن كثير دەفەرمووێ :**

﴿أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ اللَّهَ هَدَانِي لَكُنتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (٥٧) أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (٥٨) **أي : تود أن لو أعيدت إلى الدار فتحسن العمل) حەز ئەکەن لەو رۆژەدا بگەڕێنەوە بۆ دونیا واتا خوا دونیایەک دروست بکاتەوە و بگەڕێنەوە بەتەواوی چی بکەن بەلآم کە گەڕانەوە ؟!** ﴿فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ﴾**نەک موسلمین و موئمینین بەلکو محسنین لەچاکەکاران بن ، بس بگەڕێنەوە ئەبن بە موحسین یانی ئاوا عیبادەت ئەکەم کە الله تعالی ببینم .**

**﴿قال علي بن أبي طلحة : عن ابن عباس : أخبر الله سبحانه ، ما العباد قائلون قبل أن يقولوه ،﴾یانی الله تعالی خەبەری داوە بە ئێمە کە ئەو رۆژی قیامەتە خەلک چی**

**دەلێن پێش ئەویە بێت بە ئێمە دەلێ کەوا ئەوان وادەلێن !! یانی بەلاتانەوە زەحمەت نەبێ ئەوشتانە خۆشەویستانم ! الله تبارک وتعالی باسی شیطانمان بۆ دەکا کەوا لەناو جەهەنەمدا قسە ئەکا کەچی هێشتان نەچۆتە جەهەنەم و رۆژی قیامەتیش نەهاتوە بەس الله تعالی ئەزانی و عیلمی پێی یە ! وەکو لەقەدەردا باسمان کرد الله تعالی عیلمی هەیە بە هەموو داهاتوو بەس ئیظهاری دەکا بۆمان.**

**کاتێک الله تعالی لەئایەتەکان دەلێ : بۆ ئەوەی بزانین کێ موجاهیدە و کێ موجاهید نیە یانی بۆ ئەوەی ئیظهاری بکەین ئەگەرنا الله تعالی ئەیزانیی .**

**(وعملهم قبل أن يعملوه)دەلێن ئەوانەی جەهەنەمیەکان : هەتا عەمەلەکەمان پێ دەلێ هەتاوەکو بیکەین ، وقال : (وَلا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ)[1] إبن كثير ئەم ئایەتە دەهێنێتەوە بەدەلیل ، یانی (لا أحد يخبرک أصدق من الله)کەس نیە وەکو الله تعالی تێت بگەیەنێ و پێت رابگەیەنێت و خەبەرت بداتی وەکو الله تعالی (أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَا حَسْرَتَا عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ (٥٦) أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ اللَّهَ هَدَانِي لَكُنتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (٥٧) أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (٥٨) فأخبر الله تعالى : أن لو ردوا لما قدروا على الهدى)هەتاوەکو الله تعالی دەفەرمووی: ئەمان ئەم قسەیە دەکەن ! بەس بشگەرێنەوە ئەمان ئەو کارە ناکەن کە دەیلێن ! الله تعالی چی فەرمووە ؟ (وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ)[2] سەیری سبحانە وتعالی ، ئەلێ بگەرێنەوە لەکاتێکدا ئەم کەسە ئەم قسەیەش دەکا و دەلێ محسین ئەبم کەچی الله تعالی بیشی گەرێنێتەوە ئەم کەسە واناکا ! بەلکو درۆ دەکا ، ئەگەرێتەوە بۆ نەفسی کارەکانی خۆی ، چونکە الله تعالی خەبیرە و شارەزایە بە ئەحوالی بەندەکانی ئەوەی روویداوە و ئەوەی روونەداوە .**

**إبن كثير لە ئیمامی ئەحمەدەوە (رەحمەتی الله تعالی لێ بێت) ریوایەتێکمان بۆدەهێنێ لە ئەبو هورەیرەوە(رەزاو رەحمەتی الله تعالی لێ بێ) دەفەرموی : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) (كل أهل النار يرى مقعده من الجنة )جەهەنەمیەکان هەموویان جێگەی**

---

[1]:سورة فاطر اية :١٤
[2]:سورة الأنعام اية :٢٨

خۆیان لەبەهەشت دەبینن ، هەموو کەسێک جێگەی لەبەهەشت هەیە و جێگەی لەجەهەنەم هەیە ، جەهەنەمیەکان سەیری جێگەی خۆیان دەکەن لەبەهەشت (فیقول : لو أن الله هداني ؟ !)دەلێن : ئاخ ئەگەر الله تعالی هیدایەتی ئەداین من ئێستا لەوێدا ئەبووم .

تەبعەن ئاگادارین ئەم کەلیمەی کە دەلێ : الله هیدایەتی داباماىه لێرەدا الله تعالی ئەوان بەدرۆ دەخاتەوە لەسەر چی نەک لەسەر ئەوەی الله هیدایتی بدابان بەلی ئەگەر الله تعالی هیدایەتی بدا با وا ئەبوو بەلاّم ئەوان چۆن زانیان کە الله تعالی هیدایەتی ئەوانی نەداوە ؟! یانی لەدونیادا کاتێک کە ئەلێ لەئایەتی تر دەفەرمووی : (وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكُوا ۗ)[1] الله تعالی بەدرۆیان ئەخاتەوە لەسەر ئەوەی کەوا ئەلێن : ئەگەر الله تعالی مەشیئەتی بوویایە ئەوان شیرکیان نەئەکرد ، نەخێر ،الله تعالی مەشیئەتی نەبوایە نەیان ئەکرد بەس ئەوان هاتون دەلێن: گوایە والعیاذ باللە ئیتهامی الله تعالی دەکەن دەلێن کەوا ئیشی الله تعالی یە کەوا وای لەوان کردیە وابکەن !! یانی الله تعالی ئیتهام دەکەن بە کارەکە ، الله تعالی ئیختیاری خۆستۆتە بەردەمی خۆت یان نا ؟! شیرک بکەی یان تەوحید !؟ نوێژ بکەی یان نەکەی ؟! باش بی یان خراپ بی ؟! علمانی بێ یان موحید بی !؟ هەموو شتێکی خۆستۆتە بەردەستی خۆت ،

تەبعەن ئاگادارین لە عیلمی قەدەردا ئێمە دەلێن هەموو مەشیئەتەکان تابعە بۆ مەشیئەتی الله تعالی بەلاّم الله تعالی زولم لە هیچ کەس ناکا ، ئەبێ زۆر ورد بن بابەتی قەدەر زۆر گرینگە و زۆر حەساسە ئەبێ ئاگاداربیت و بەعیلمەوە بچیتە ناویەوە نەک بەبی علم بچیتە ناویەوە قسەی تێدا بکەی !.

جا ئەوان ئەلێن : (لو أن الله هداني ؟ فتكون عليه حسرة " .)چی بۆ دروست دەبێ ئەم کەسەی کە لەناو جەهەنەمە ؟ حەسرەتی بۆ دروست دەبێ . ()

(قال : وكل أهل الجنة يرى مقعده من النار)دەفەرمووی : هەموو کەسێکی ئەهلی بەهەشت سەیری شوێنی خۆیان ئەکەن لەجەهەنەم ، ئەوانیش شوێنیان هەیە لەجەهەنەم ئەمەش

---

[1] سورة الأنعام اية :١٠٧

شوێنەکەتە لەجەهەنەم بەس تۆی تێدا نی ئێستا تۆ لەبەهەشتی ، لەبەر چی ؟ لەبەر ئەوەی الله تعالی یارمەتی دایت و فەزلی رشتوە بەسەرتا بەس ئەویتر بەعەدلی الله تعالی بوە چۆتە جەهەنەم (فيقول : لولا أن الله هداني !)دەفەرمون : ئەگەر الله تعالی هیدایەتی نەداباما من ئەچوم بۆ ئەو ئاگرەوە ، یانی ئەیگەڕێنێتەوە بۆ الله تعالی ، بزانە ! ئەهلی سونە ئەڵێن هەرگوناهێک تۆ ئەیکەت خۆت ئەیکەیت وە هەرچاکەیەکیش تۆ ئەیکەیت الله تعالی یارمەتیت ئەدا ، ئا لێرەدا وتیان (لولا أن الله هداني !) والله ئەگەر الله تعالی هیدایەتی نەدا بایناپە ، ئایەتمان هەیە لەو بارەیەوە (وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ)[1] ئەگەر الله تعالی هیدایەتی نەداینایە ، کەواتە مەنازە بەنوێژ و طاعەت و تەوحیدەکەت !! مەنازە بەسەر خەلکیدا بلێ خەلکی خراپە دەکا و منیش عیبادەت ئەکەم !؟ ئەگەر الله تعالی یارمەتی تۆی نەدابایە تۆش یەکێک بووی لەوانە بۆیە سوپاسی الله تعالی بکەین با بەبەردەوامی سوپاسی الله تعالی بکەین لەسەر ئەو نوێژ وعیبادەتە .

دواتر دەلێ : (قال : " فيكون له الشكر. " )جەهەنەمیەکان حەسرەت دەخۆن و دەخوازن بەهەشتیەکانیش شوکر و سوپاسی الله تعالی دەکەن .

(بَلَىٰ قَدْ جَاءَتْكَ آيَاتِي فَكَذَّبْتَ بِهَا وَاسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ (٥٩))

إبن كثير دەفەرمووی :

(ولما تمنى أهل الجرائم العود إلى الدنيا ، وتحسروا على تصديق آيات الله واتباع رسله )کاتێک کەوا ئەهلی جەرائیم و کوفر و نیفاق و تاوانەکان کەوتنە پەشیمانی و تەمەنا وحەزیان ئەکرد بگەڕێنەوە بۆ دونیا وە پەشیمانی خۆیان حاصل کرد لەوەی کە تەصدیقی ئایەتەکانی الله تعالی یان نەکردوە و شوێن پێغەمبەرەکانی نەکەوتن ، (قال [ الله سبحانه وتعالى ] بَلَىٰ قَدْ جَاءَتْكَ آيَاتِي فَكَذَّبْتَ بِهَا وَاسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ) الله تعالی ڕەدیان ئەداتەوە ، کەوتیان ئەگەر الله تعالی هیدایەتی بداینایە

[1]: سورة الأعراف اية :٤٣

! الله تعالى دەفەرمووی : بەڵێ بۆت هات ئایەتەکانی منت بۆ هات بەڵام تۆ بەدرۆت خستەوە وە تۆ ئیستکبارت کرد و خۆت بەگەورە زانی لەبەرامبەریدا لەطاعەدا ، تۆ طاعەت ئەنجام نەدا (وَكُنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ) کەواتە بەچی کافر بوون ؟

بەدوو شت ؟

یەکەم : (كَذَّبْتَ).

دووەم : (اسْتَكْبَرْتَ).

هەردووکی موجیبی کوفرە ، چ بلێت خوا درۆدەکا والعیاذ بالله یا خوا نیە و بەهەشت نیە و قیامەت نیە پێغەمبەر درۆیە و قیامەت درۆیە ئەوە بەمە تۆ کافری ، چی ئیستکبار بکەیت یانی چی ؟یانی طاعە نەکەیت مل نەدەیت بۆ عیبادەتی الله تعالى .

ئەم دوو حالەتە الله تبارك وتعالى زۆر لەقورئاندا باسمان بۆ دەکات (فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ (٥) وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ (٦) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ (٧) وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ (٨) وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ (٩))[1] یانی طاعەناکات ، یاخود لەئایەتیکتردا باسی (كَذَّبَ وَتَوَلَّ)[2] (كَذَّبَ)ئەمە لەلایەک (تَوَلَّ) ئەمەشیان لەلایەکیتر ، کەواتە عەمەل رووکنی ئیمان ئەگەر تۆ عەمەل نەکەی کافری ، نەک وەکو مورجیئە دەلێن بەبێ عەمەلیش تۆ ئیمانت هەیە !! ئەمرۆ گەورەترین بانگەوازی مورجیئانە کە چەندەها سالە دورست بوە تاوەکو ئێستا بەناوی بەناو سەلەفیەکانەوە بلاودەکرێتەوە لەعالەمی ئیسلامی دا ، پێت ئەلێ : کەوا ئەصلی ئیمان ئەوەیە کەوا لەدل و زماندا هەیە عەمەل کەمالییە !! عەمەل ئیمانەکەتی پێ کامل دەبێ ئەگەرنا تۆ ئیمانت هەیە لەئەصلدا ئەگەر بەدل هەتبێ و بەزمان بیلی !!

باسمان کرد وەکو إبن عثیمین دەلێ : ئەو حاکمانەی کەوا دینی الله تعالى لادەبەن دەیگۆرنەوە بە قەوانینی وەضحی و دەست کرد ئەفەرمووی : ئەم کەسە نوێژیش بکا و

[1]:سورة الليل
[2]:سورة العلق اية :١٣

ڕۆژووش بگریّ و زەکاتیش بدا و حەجیش بکا عومەرەش بکا هەر کافرە ئەم کەسە . لەبەر ئەوەی ئەمە نەواقضی تێدایە و ئەم گۆرینە نەواقضە .

إبن كثير دەفەرمووی : (أي : قد جاءتک أيها العبد النادم على ما كان منه آياتي في الدار الدنيا، وقامت حججي عليک)الله تعالى چی کردوە بە بەڵگە و حوجە لەسەر خەڵک !؟

(الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ الْكِتَابَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُ عِوَجًا ۜ)[1] الله تعالى پێغەمبەری ناردوە یاخود نا ؟! کیتابیشی ناردوە یاخود نا ؟! الله تعالى خۆی سوپاسی خۆی دەکا کەوا ئەوەی کە ناردویەتی ، سوپاس بۆ الله تعالى کەوا ڕێگەی ئێمەی ئاسان کرد کەوا تێبگەین لەم واقیعەی کەوا ئێمەی تێدا دەژین ئێمە بەندە و عەبدی الله تعالى ین ، الله تعالى کیتاب و رسولی کردوە بە حوجە و بەڵگە وە بۆهیچ کەسێک نیە بلێ الله تعالى هیچی نەناردوە وە دەبێ ئەم خەڵکە هەلسێ و بەدوای ئەمەدا بگەرێ ئەبێ ئەم خەڵکە هەلسێ و ئەم حەقیقەتە ڕوونباکەتەوە بزانی پێغەمبەرەکەی و کیتابەکەی چی دەلێ ، ئەمرۆ خەڵک ڕووناکاتە کیتاب خەلکیتر دێن و دەلێن کاکە ئەوە نەزانە !بۆچی نەزانە ؟! ئاخر لەبەر ئەوەی خوا والعياذ بالله کیتاب و سونەی نەناردوە !؟ یان لەبەر ئەوەی کەسەکە بەخۆی بەدوایدا ناگەرێ جا لەبەر ئەوە زانایان ئەم جۆرە عوزرانە دانانێن بۆ کەسی جاهیل ، جاهیلێک معذورە کە هیچی دەست نەکەوێت کە ئاگای لەهیچ نەبێ وە هیچی بۆ نەیێت ئەویش معذورە بەچی ؟ بەسزا واتا سزا نادرێ تا تاقی نەکرێتەوە ، ئەما لەکوفر نا بکەوێتە کوفر ئەم کەسە کافرە بەڵام موعەذەب نابێت الله تعالى تاقی دەکاتەوە لە رۆژی قیامەت .(فكذبت بها واستكبرت عن اتباعها ، وكنت من الكافرين بها ، الجاحدين لها .).

---

[1] سورة الكهف اية : ١

(وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ (٦٠) وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦١))

**الله تعالى دەفەرمووی رۆژی قیامەت ئەبینیت** (تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ)**ئەوانەی كەوا درۆیان بە خواوە هەڵبەستوە ئەوانەی ئیفترایان بە الله بەستوە ئەوانەی شیركیان قەرار داوە گوایە الله تعالى بەرێگەی ئەوان رازییە كە ئەمە ئیفترایە بە الله تعالى ، یان دەڵێن الله تعالى كوری هەیە و كچی هەیە والعیاذ بالله ئەو پیاوچاكانەی هەیە لەگەل الله تعالى دەسەلاتدارن ئەم شیركانەیان كردوە ئەمە هەمووی هەڵبەستنی درۆیە بە الله تعالى وە** (وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ) **لەرۆژی قیامەتدا ئەوانە دەم و چاویان رەشە** (أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ)**تەبعەن لەكاتێكدا كە ئەوهان الله تعالى دەفەروویی : ئایا مەنزلگای تێدا نیە بۆ خۆ بەگەورە زانەكان بۆ ئەوانەی كەوا تەكوبر لە طاعەی الله تعالى دەكەن لەتەوحیدی الله تعالى و یەكخوا پەرستی الله تعالى دەكەن ! بەلێ تێدایەتی.**

(وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا بِمَفَازَتِهِمْ)**الله تعالى كێ رزگار دەكا ئەوانەی كەوا موتەقین بەتەحقیقی ئەمنیەتی الله تعالى رزگاریان دەكا** (لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ) **هیچ نارەحەتێك توشیان نابێ (یارەبی لەوانەمان بگرێی بۆخاتری ناوەپیرۆزەكانی خۆت ).**

**إبن كثير دەفەرمووی :**

**(خبر تعالى عن يوم القيامة أنه تسود فيه وجوه) رۆژی قیامەت دەم و چاوەكان ئەبن بەدوو بەشەوە دەم و چاوی رەش (وتبيض فيه وجوه)دەم و چاوی سپی و نورانی و جوان (تسود وجوه أهل الفرقة والاختلاف)دەم و چاوی ئەوانە رەشە كە تەفرەق و ئیختلاف دەنێنەوە لەتەوحید و لەسونە و لەطاعە (وتبيض وجوه أهل السنة والجماعة )ئەهلی سونە و جەماعە دەم و چاویان سپی دەبێ .**

**ئەهلی سونە و جەماعە كین ؟**

ئەوانەن کەوا شوێن قورئان و سونەی صەحیحەکەوتون بە تێگەیشتنی صەحابە بەرێزەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم).

ئەبێ زۆر وریا بی خۆشەویستانم سەت جاریتر دووبارەی دەکەینەوە و ئاماژەی پێ ئەدەین ئەمرۆ بەناوی ئەهلی سونە و جەماعەوە بەناوی دەعوەی سەلەفیەوە بەناوی فیرقەی ناجیەوە چەندەها جۆر هەیە !! لەنێوان خۆشیاندا ئەنواع ئیختلاف هەیە ئەمە حەقە یان حەق نیە ؟ ئەیبین یان نا ؟! کەواتە ئەبێ موراجەعە بکەینەوە جارێکیتر بزانین کەوا کامە ئەهلی سونە و جەماعەیە کامەیان ئیتقادی تەواوەتی ئەهلی سونە و جەماعەی هەیە .

ئێستا ئەوەتا مورجیئە لەسەرانسەری عالەمی ئیسلامیدا ئەوەندە زۆرن بەخۆیان ئەڵێن ئەهلی سونە و جەماعە کەچی لەکاتێکدا ئەهلی بیدع و ظەلالەن کەواتە ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ رابردوان بگەڕێنەوە بۆ سەلەفی ئومەت لەکیتابەکانیاندا بزانە ئیعتقادیان چۆن دانراوە لەبەر ئەوە بەلاتەوە عاتیفە نەتگرێی بەکەسێکی مورجیئە بلێ تۆ ظالی تۆ مبتدیعی لەدوای ئەوەی کەوا پێی رادەگەیەنی ، ئەمە حەقیقەتەکەیە ئەویش ئینکاری دەکا و تۆ بەخەواریج دا ئەنێ .

ئادەی بەس پێم بلێن ئەوانەی کە ئەهلی سونە بە خەواریج دائەنێن یەک لەوانە وتویەتی کەوا شەفاعەت نیە لەرۆژی قیامەت ؟! یەک لەوانە وتویەتی کەوا بەگوناهی گەورە تۆ کافر دەبێ ؟! یەک لەوانە وتویەتی ئەگەر حاکمی موسلمان هەبێ تۆ راپەرە دژی ئەگەر هەلەیەکی کرد کافربوە ؟!شتی واتان بیستوە لێیان ؟!

ئەی ئێوە بەکێ ئەلێن خەواریج ؟! ئەگەر کافر کافر بکا ئەوان پێی دەلێن : خەواریج !! ئێ ئەوە تۆ خۆت کافر دەبێ ئەگەر کەسێکی کافر کافر نەکەیت دوای زانینی کوفرەکەی ، تۆ بۆ بەو ئەلێ خەواریج تۆ بۆخۆت کافر بووی بەمە ئەی لە هەلوەشێنەرەوەکانی ئیمان سێ یەم دانە نالێت : ئەگەر کافر کافر نەکەیت خۆت کافر دەبێ !!! دەبێ ئێوە بگەڕێنەوە بۆ مەعانیەکان لەبەر ئەوە عاتیفە تەئسیرتان لێ نەکات بابێنەوە سەر عیلم و صەواب و بێنەوە سەر قەولی زانایانی ئەهلی سونە و جەماعە وەکو لێرەدا باسی دەکا إبن کثیر ،

جا كە ئەم مورجيئانە دێن ئەمانەدەخوێنەوە راستەوخۆ بەسەرخۆیاندا دایدەبڕن وەکو لیباسێک دەیکەنە بەربەری خۆیان ئیدعا کردن ئاسانە و هەموو کەس ئیدعا دەکا بەڵام حەق ئەوەیە کەلەناو کیتابەکاندایە لە رابردووی ئەم ئومەتە بزانین ئیمامی ئەحمەد چی فەرمووە !، بزانین ئیمامی شافعی چی فەرمووە !، بزانین و پێش ئەوان بگەڕێنەوە صەحابەکانی رسول الله (صلی الله علیه وسلم)وە لە پێش ئەوانیشەوە قورئان و سونە بەفەهمی صەحابەکان سەیر بکەین بزانین چی دەڵێن ، ئایا لەقورئاندا هیچ فەهمێک خراوەتە پێش فەهمی صەحابەوە لە ئومەتەدا ؟! (وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ)[1] تۆ ئەچی پێیان دەڵێن : ئیجماعی صەحابەیە کەوا دەفەرموون : تاریکی نوێژ کافرە ، کەچی ئەو دەڵێ ئەوە رەئی خەواریجە ! ئی ئەوە ظەلال نیە ؟!

ئەڵێ کوا لەکوێدا وادەڵێ !؟ ئەڵێن بۆ سەیری کیتابی (تعظيم قدر الصلاة؛)[2] بکە بزانە ئیجماعی صەحابەت بۆ نەقل ناکا !! دواتر دەڵێ والله خیلافی لەسەرە !! لە صەحابە خیلاف هەیە ؟!

جا ئەوە ئەهلی سونە و جەماعە دەبێ لەهەمو ئیتقاد و وەکو ئیمامی ئەحمەد لەسەرەتای الاصول السنه دەفەرمووی : (أصول السنة عندنا التمسك بما كان عليه أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم والاقتداء بهم)ئوصولی سونە لەلای ئێمە ئەوەیە کەوا ئەصحابی رسول الله (صلی الله علیه وسلم) لەسەرینە و رۆیشتون پێی .

ئیمامی ئەحمەد هەر لە ئوصولی سونەدا دەفەرمووی : تاریک الصلاة کافرە ، ئینجا دەبێ تۆ روونبکەیتەوە کەوا ئیمام ئەحمەد پێنج ریوایەتی هەیە ئەم پێنجەشی لەیەک مەجلیسدا نەبوە تاوەکو بڵێ کافرە و کافر نیە کافرە و کافر نیە و کافرە ،!! وای نەوتوە ، لەمەجلیسێکدا و لەزەمانێکدا شتێکی وتوە دواتر گەڕاوەتەوە بۆ شتێکیتر ئەمە ئیشی هەموو زانایانە (يقولن ويرجعون عن كلمه إلى الحق).

---

[1]: سورة التوبة اية : ١٠٠
[2]: المؤلف: محمد بن نصر المروزي؛ المحقق: عبد الرحمن بن عبد الجبار

(، قال تعالى هاهنا : وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ) أي : في دعواهم له شريكا وولدا)كاتێک دەلێن الله شەریکی هەیە و مندالی هەیە (وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ)الله تعالى بەهۆی ئەمەوە دەم و چاوی رەش کردن (أي : بكذبهم وافترائهم. )ئا بەم درۆ و ئیفتارایانە .

(وقوله: أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ) ) أي : أليست جهنم كافية لها سجنا وموئلا)ئایا جەهەنەم کافیی نیە ببێت بە سجنیان و مەنزلگایان و ببێت بە عاقیبەتیان !! (لهم فيها [ دار ] الخزي والهوان)سەرشۆری و بێرێزی بۆ ئەوانە (بسبب تكبرهم وتجبرهم وإبائهم عن الانقياد للحق. )چونکە ملیان دانەناوە بۆ حەق و جلە و گیری حەق نەبوون وە لەسەر ئەو حەقە نەرۆیشتوون .

إبن كثير ریوایەتێکمان لە إبن ئەبی حاتەمەوە بۆمان دەهێنێ لە عەمری کوری شوعیەب ئەویش لەباوکیەوە ئەویش بە باپیریەوە (رەزاو رەحمەتی الله تعالى یان لێ بێت) (أن رسول الله - صلى الله عليه وسلم - قال : " إن المتكبرين يحشرون يوم القيامة أشباه الذر)پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)فەرموویەتی : ئەوەی کە موتەکبیرە لە طاعە ئەو جۆرە کەسانە الله تعالى لەقیامەت زیندوویان دەکاتەوە وەکو مێرولە (في صور الناس) تۆ بێنە بەرچاوی خۆت ئینسانی بچکۆلە وەکو میرولە ! هەمووی بچوک بچوک (، يعلوهم كل شيء من الصغار)هەموو شتێک لەوان گەورەترە و زلترە لەبەر ئەوەی ئەوانە ئەوەندە بچوکن،

یانی خۆیان بەزل زانی لەدونیادا الله تعالى عاقیبەتەکەی چی لی کردن ؟ بچوک بچوکی کردنەوە و بێ قیمەتی کردن (فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا)[1] .

(حتى يدخلوا سجنا من النار)هەتاوەکو ئەچنە ناو سجنێک لە جەهەنەم (في واد يقال له بولس)ئەچنە سجنێکەوە کە پێی ئەوترێ (بولس) (ويسقون عصارة أهل النار ، ومن طينة الخبال " .)[2]ئەخرێنە ناو ئاگرەوە و پاشانیش لەگوشراوەی ئەهلی ئاگریان ئەدرێتی

[1]:سورة الكهف اية :١٠٥
[2]: مزحقیقی کیتابەکە دەلێ : إسناده ضعيف جدا

ئەوەی کەگیانیان ئەسوتێت و لی ئەچۆرێتەوە ئەوەیان ئەدرێتی سەدید و خوێن و جەراعەتەکانیان !!.

بەلاَم ترمذی لەریوایەتی خۆی هێناویەتی بەژمارە( ٢٤٩٢)لە طریقی محمدی کوری عجلانەوە ئەویش لەعمرەوە ئەلی : وإسناده حسن (لاكن متن الغريب) بەس مەتنەکەی غەریبە . لەبەر چی ؟ چونکە بولسی تێدایە ئەم کەلیمەیە !! (العل أشبه وأقوفوا ) لەوانەیە بلێن راستر بلێن ئەمە موقوفە و حەدیس نیە لەسەر جدی شوعیب . لەگەل ئەمەش البانی بەحەسەنی داناوە لەریوایەتی ترمذی .

( (٦٠) وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦١))

إبن كثير دەفەرمووی :

((وقوله : وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا بِمَفَازَتِهِمْ) ) أي : مما سبق لهم من السعادة والفوز عند الله)کەلیمەی (مَفَاز)چۆن تەفسیر دەکا إبن كثير لێرەدا ؟ ئەلێ ( مما سبق لهم من السعادة والفوز عند الله)بەوەی کە الله لە ئەزەلە و لەعیلمی خۆیدا زانیویەتی کە ئەمانە رزگاریان دەبێ لەجەهەنەم و ئەمانە رزگاریان دەبێ لەعەزاب .

(لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ) أي : يوم القيامة )هیچ نارەحەتیەک لەرۆژی قیامەتدا تووشیان نابێ (وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ) توشی حوزن نابن.

حوزن : واتا غەمگینی .

ئێمە خەوف مان هەیە یانی ترس الله تعالى دەفەرمووی : (لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ)[1] نەترس نەغەم ، یانی ترس لەچی دا ؟ ترس بۆ داهاتووە ، تۆ ئێستا بەرە و قیامەت برۆی ئەترسی یاخود نا ؟! کە دونیاش بەجێ دەهێلی غەم دەخۆی لە ژن و مندالت یان نا ؟! هیچیانت توش نابێ نە ئەو نەئەویتر !! الله تعالى یارمەتیت ئەدا .

---

[1]: سورة يونس اية :٦٢

إبن كثير دەفەرمووی : (أي : ولا يحزنهم الفزع الأكبر)يانی چی؟ ترسە گەورەكە كە رۆژی قیامەتە ترسە گەورەكەی رۆژی قیامەتیان توش نابێ ئەوە دل غەم گینیان ناكا چونكە بەراستی ئەو رۆژە هەر زۆر زۆر مەترسیدارە ،( بل هم آمنون من كل فزع، مزحزحون عن كل شر ، مؤملون كل خير .)الله تعالى ئەمنیان دەكاتەوە لە هەموو ترسێك (مزحزح)یانی دوورخراوەن لەهەر هەموو شەرێك (مؤملون كل خير)هەموو خێرێكیان دەست دەكەوێ.

(وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين))